## هاشم صاڵح

# ئیسلامو رۆشنگەری

**وەرگێرانی**

**هێمن مەحمود**

چاپی یەکەم
هەولێر٢٠٠٥

لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی ئەدەبی نما
زنجیرەی ( ٤١ )

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(٢١) کتێب
ئیسماعیل کوردە_ رێبین رەسوڵ ، جەمال پیرە

ناوی کتێب: ئیسلامو رۆشنگەری
نوسینی: هاشم صاڵح
وەرگێرانی: هێمن مەحمود
پیت چنین: عیماد رەسوڵ-رابە محەمەد
چاپی یەکەم : هەولێر٢٠٠٥
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
دیزاین: ئیسماعیل کوردە
ژمارەی سپاردن(   )
مافی لەچاپدانەوەی بۆ نما پارێزراوە.

پێشەکی.........................................٤
⋆ئایا سبەینێ هیچ ئاشتبونەوەیەکی................٥
مێژووی لەنێوان ئیسلام و تازەگەریدا ڕودەدات
⋆جیهانی ئیسلامی بەئاگاهاتنەوە قورسەکە!......١٦
⋆پرسیار و پێداچوونەوەکان
لە بارەی نەتەوایەتی عەرەبەوە..................٢٧
⋆ڕۆشنبیرە ئەمریکیەکان و چارەنوسی جیهان......٣٦
⋆ڕوەو سەدەی ڕۆشنگەری عەرەبی...............٤٦
⋆فەلسەفە وەك  دڵنەوایکەرێك.................٥٤
⋆هیگڵ و ڕۆشنگەری..............................٦٦



## پێشەکی

ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکی بیرمەند (هاشم صالح)ە کەبێشك لەنێوەندی رۆشنبیری کوردی ناسراوە، بەگرنگم زانی لەدوو توێی ئەم کتێبەدا پێشکەش بە سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی (نما)ی بکەم وەك کتێبێك بۆچاپ. کە پێموایە سودی بۆ خوێنەری کوردی هەیەو دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەم وتارانەم لە کوردستانی نوێدا بلاوکردونەتەوە. سوپاسی سەنتەری (نما)ش دەکەم کە بەئەرکی چاپکردنی هەڵسان.

# ئایا سبەینێ هیچ ئاشتبونەوەیەکی مێژووی لەنێوان ئیسلام و تازەگەریدا ڕودەدات

ئەم هەفتەیە هەفتەیەکی پڕلەڕوداوی ماناداربوو، من لێرەدا گرنگی دەخەمە سەر خەمەکانی ئێمەی عەرەبو موسڵمان بەشێوەیەکی سەرەکی، بەڵام سەرەتا پێویستە قسەیەك لەسەر ڕوداوە خۆشەکانی جۆرجیا بکەم لەوێ گۆڕان بەشێوەیەکی ئاشتیانەو لەڕێگای ڕاپەڕینی خەڵكو بێ‌ڕژانی خوێن ڕویدا، گرنگتر لەوەش ئەوەیە کەوا گۆڕان بەناوی گەڕانەوە بۆ دواوەوە ڕوینەدا ، واتە بەناوی بەها ئوسوڵیە کۆنەکانەوە، بەڵکو بەناوی ئازادیو دیموکراسیو شەڕکردن لەگەڵ ئەو فەسادە بەربڵاوەی کە هەموو ناوەندەکانی حوکمی گرتۆتەوە، هەروەها بەناوی ئیدانەکردنی ئەو ڕەقهەڵاتنە سیاسیەوە کە لەڕۆژگاری



سەرۆکی پێشو (شیفەرنادزە ) دا وڵاتی گرتبووە ، ئەم هەواڵەش هەواڵێکی خۆشە بۆگەلانی دراوسێ ٠

گەلی جۆرجیا ئەم وانەیەیان فێرکردین " گۆڕان پێویستە بەنێوی بەهاکانی داهاتووەوە بێت نەوەك بەنێوی بەهاکانی ڕابردووەوە، بەنێوی پێشکەوتنەوەبێت بۆ پێشەوە نەوەکا گەڕانەوەبۆ دواوەوە"

ئەم وانەیەش بەتایبەتی ئاراستەیە بۆ گەلانی ئیسلامیو عەرەبی.

ئێستاش دەڕۆمە سەر بابەتی دووەم، کە بویە جێگای گرنگی پێدانمان لێرە لە فەرەنسا، مەبەستم ئەو مونازەرە جوانە تەلفزێونیەیە کە لەنێوان وەزیری ناوخۆی فەرەنسی (نیقولا سارکوزی)و ئەستێرەی هەڵکشاوی جالیە ئیسلامیەکان لە ئەوروپادا (_گارق رمقان) دا سازکرا ئەم مونازەرەیە لە چەند لایەکەوە گرنگی خۆی هەبوو ، هەروەها ڕێگایشی بۆ شیکردنەوەی چەند خاڵێك خۆشکردکە پێشتر بەهۆی ناسکیو ترسناکییەوە کەس زاتی‌نەدەکرد شیبکاتەوە،

وەزیرە فەرەنسیەکە قورسایی هێرشەکەی خستە سەر سێ لاوە" یەکەمینیان دژایەتی کردنی یەهودیەکان بەشێوەیەکی گشتی یان ئەوەی پێی دەوترێ (دژایەتی سامیەت)، دوەمینیشیان حیجابی ئیسلامی، سێیەمینیشیان سنوردانان ( اقامە الحدود ) بەتایبەتی بەردباران کردنی ئافرەتی هەڵەکەر٠

هەڵوێستەکانی ( گارق ) هەڵوێستێکی بەرگریکارانە بوو لەو سێ لایەنەوە بەبێئەوەی بەمانای دۆڕانی بێت لەو شەڕەدا ، ڕاستە شەڕەکە لەچەند لایەکەوە شێوەی شەڕە بۆکسێن یان زۆرانبازی لەخۆ گرتبوو ، بەڵام ئەمەش پێویست بوو بۆ دەرچون لەهەڵوێستە ناجێگیرەکان٠

حاڵیش وەهایە کە مونازەرەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە سەرکەوتو و دۆڕاوی تیادا نەبێت ٠

بەڵکو بەتەنها پرۆسەیەکی ڕونکردنەوەیە یان دەستنیشان کردنێکی وریایانەی شوێنەکانە، هەر ئەمەش لەکۆتایدا ڕویدا٠

( طارق رمضان ) سەبارەت بە هێرشی یەکەم واوەڵامی دایەوە کەئەو هەرگیز دژایەتیکەری سامییەت نیە، وەنزیکەی ١٥ساڵیشە شەڕی ئەوەدەکات، هەروەها ئیدانەی هەڵوێستی سەرەك وەزیرانی مالیزیش ( مهاتیر محمد ) دەکات کاتێك یەهودیەکانی بەوە تاوانبارکرد کە حوکمی جیهان دەکەن ، ئەمەش هەڵوێستێکی باوە لەنێو ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی عەرەبی و ئیسلامیدا ، بەڵام بەتەنها ئیدانەی هەڵوێستی حوکومەتەکەی ( شارۆن )و ڕاستڕەوە توندرەوەکان دەکات لە زەوییەداگیرکراوەکانی فەلەستیندا ٠

بڕوام وەهایە کە ئەم هەڵوێستە لێرەدا هەڵوێستێکی بەهێزەو هیچ تەمومژێك هەڵناگرێت، ئەوە دەڵێین‌و بەتایبەتیکە ئەو ئیدانەی سیاسەتەکانی ڕژێمەکە دەکات وگومان ناخاتە سەر شەرعیەتی دەوڵەتی عیبری ، وەك چۆن لەبەرنامەیەکی پێشوتردا جەختی لەسەرکردۆتەوە بەڵام هەڵوێستێکی لاوازی هەبوو دەربارەی ووتارێکی بڵاوکراوەی پێشوتری کە ئیدانەی هەڵوێستی هەندێك ڕۆشنبیری یەهودی فەرەنسیکردبوو بەوەتاوانباری کردبون کە پشتگیریەکی ڕەهای سیاسەتی ئیسرائیلی دەکەن٠

لەواقیعدا نەدەبوو بکەوێتە ناوئەم تەنگەژەیەوە وەك چۆن (جان ماری لوبن) ێسەرۆکی ڕاستڕەوە توندڕەوەکانی فەرەنسا تێیکەوت، نەدەبو کە هیچ لیستێك ئامادەکاتو بەپەنجەی دەست ئاماژەیان بۆ بکات، چونکە ئامادەکردنی لیستو لیستکاری پرۆسەیەکی خەتەرناکەو پێشینەیەکی ترسناکی هەیە کە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی نازییەکان و فاشیەکان۰

دواتر( رمڤان ) دانی بەوەدا نا کەوا پەلەی کردووەو سەرکەوتونەبوە لەدەربڕینی بیروبۆچونەکانی وەك پێویست ۰

بەڵام وەزیر ووتی کەئەو زیاتر لە پەلەپەلی کردوە" هەڵەیەکی ڕاستەقینەی کردووە ، زیاتر لە ٦٠٠٠٠٠٠ کەس هەیە کەلەرێگەی لیست و لیست کارییەوە کوژراون "

لێرەدا هەڵویستەکەی جەنابی وەزیر ڕاستە، ئەوە دەڵێین‌و بەتایبەتی کە هەندێك لە ڕۆشنبیرەکان وەك ( برنار هنری، اندریە غلوکسمان ) دەورێکی پێشکوتو مرۆڤانە دەبین لەبەرژەوەندی چەوساوەکاندا (کە



لەنێویاندا موسوڵمانگەلێکی) زۆرهەیە لە ئفغانستان‌و شیشان‌و بۆسنەو کۆسۆڤۆ ۰

دواتر وەزیر هێرشی دووەمی خستە سەر مەسەلەی بەردباران کردن و پرسی " ئایا ئەمیش وەك براکەی (هانی رمضان) پشتگیری بەردباران کردنی ئافرەتی هەڵەکەر دەکات ۰۰۰؟"

وەك ئاشکرایە کەئەمەی دوایی (مەبەست لە هانی )ە لەوتارێکیدا پشتگیری لە بەردباران کردنی ئەو ئافرەتە نەیجیرییە کرد کەبەر لە ماوەیەك هەمو جیهانی بە خۆیەوە خەریك کردو بویە مایەی ئابرڕوچون ، لێرەدا (طارق) ویستی لەرێگای ئەو وەڵامەوە خۆی بدزێتەوە کەوا ئەم حوکم دەکرێ جێبەجێنەکرێت ، بەلام وەزیر ویستیزیاتر لە گۆشەیەکدا بچوکی کاتەوە بەوەی وتی: ئایا کەئەو لە گەڵیدایە یان دژییەتی ؟ وەڵامێکی ئاشکرام دەوێت۰

لێرەدا ( گارق ) جارێکی تر ڕێگایەکی فێڵبازانەی تری بەکارهێنا بۆ ڕاکردن لە وەڵامەکە بەوەی وتی کەوا بۆچونی ئەو گرنگ نییە، بەڵکو بۆچونی زۆرینەی

موسڵمانان گرنگە، وەئەو هەتاوەکو زیاتر لێیان دوربکەوێتەوە لەپێویست زیاتر ئەوا پەیوەندیانی پێوە دەپچڕێتو چیدی نوێنەریان نییە، ئەو کاتیش هیچ پێویست ناکات کەوەزیری ناوخۆ لەگەڵیدا وتوێژ بکات٠

لێرەدا هەڵوێستی (طارق ) وادەردەکەوت کە هەڵوێستێکی قورس و ئیحراجکەرە ، ئەو ئەگەر هاوهەڵوێستی وەزیر بویەوە بەوئیعتیبارەی کە بەرد بارانکردنی ئافرەت پرۆسەیەکی سەدەکانی ناوەڕاستەو شایەنی ئەم سەردەمی تازەیە نییە، ئەوا قاعیدە جەماوەرییەکەی لە لایەنی ئوسوڵیەکانەوە لەدەست دەدات ، ئەگەر ئەوەش نەکات ئەوا ڕاستگۆی و زیرەکیەکەی وەك ڕۆشنبیریەکی موسڵمان کە فەلسەفە دەخوێنێت لە زانکۆکانی سویسرا لەدەست دەدات، ئەی چار٠٠٠٠٠٠؟

لێرەدا ئەو کێشە ڕاستەقینە ڕودەدات کەتوشی هەمومان دەبێت، کەچارەسەریشی کەوتۆتە سەر ئەو ئاشتبونەوەیەی کەلەنێوان ئیسلام و تازەگەریدا ڕودەدات لە ڕۆژێك لەرۆژاندا، بەڵام بۆ ئەوەی بزانین کەتا



چەندێك (گارق) خاوەنیئازایەتی بوە لە هەڵوێستەکانیدا لەوکاتەدا٠

پێویستە ئەوە بزانین کە موسڵمانان لە فەرەنسا وئەوروپا بەگشتی دابەش دەبن بۆ سەر دوو کۆمەڵی سەرەکیدا : یەکەمینیان کۆمەڵی ئوسوڵیە توندڕەوەکانە، دووەمیشیان کۆمەڵی موسڵمانە عیلمانیەکانە یان تازەگەرەکان

کۆمەڵی یەکەم کە پشتگیری (رمضان) دەکەن تاوەکو ئێستاش سۆسۆلۆجیەن ئەو باڵادەستە، واتە بەژمارە، ئەوەش هیچ سەرسوڕمانێکی ناوێت، چونکە کۆمەڵی ئیسلامی لێرە وێنەیەکە لە جیهانی عەرەبی یان ئیسلامی خۆی ، بەڵام ڕەنگە ئەوە زوڵمێکی گەورەبێت کە ( گارق ) بەتەواوەتی لەناو کۆمەڵی ئوسوڵیەکاندا حەشربکەین ،لەڕاستیدا ئەو کۆمەڵێك هەڵوێستی تازەگەرانەو عەقڵانیانەی لە کۆمەڵێك بابەتدا هەیە، هەرچەندیشە ڕەنگبێت کەپێیەکی لێرەبێت و پێیەکی لەوێ، هەربۆیەشە کە بەوە تاوانباردەکرێت هەڵوێستەکانی ئیزدیواجی یان ناجێگیر یان ناڕۆشنن،

ئەو لەلایەك جەماوەری خۆی لەلای تەقلیدیەکان بدۆڕێنێت، هەروەها لەلایەکی تریشەوە نایەوێت وادەربکەوێت کەکەسێکی تەقلیدیە٠٠٠٠!

بەڵام من بڕوام وەهایە کەوەزیر وەهای لێکرد کەهەنگاوێکی چاك‌و ئیجابی بە موسڵمانە موحافیزکارەکان بباتە پێشەوە ، لێرەوە گرنگی ئەم مونازەرەیە دەردەکەوێت کە بەبڕوای من بێوێنەیە لەم ساڵانەی دوایدا ، تەنانەت بەنیسبەت کێشەی حیجابەوە لەقوتابخانە فەرەنسیەکاندا (طارق) ناچاربوو کەتەنازولی گرنگ بکات بۆ تازەگەری ، ئەوەش ئیشێکی چاکە ٠

بەمەش خزمەتێکی زۆری جالیەکەی و نەتەوەکەی خۆی کرد کاتێك لەگەڵ ئەوکۆمەڵگایەدا نزیکی کردنەوە کەتیایاندا دەژین ، کەئەمەش ئوسوڵیە گێلەکان نایکەن، ئەوانەی دەیانەوێت لەنێوان جالیەئیسلامیەکان‌و ئەوکۆمەڵگایانەدا شەر ڕوبدات کەتیایاندا دەژین، ئەوکاتیش دۆڕاو بەتەنها موسڵمانەکانن نەوەك کۆمەڵگای فەرەنسی یان ئینگلیزی یان ئەڵمانی ٠٠٠ تادوایی٠



ئەو کەسەی دەیەوێت لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا بژی ئەوا پێویستە کە ڕێزی یاساکانی بگرێت ، وەگەر نا ئەوا پێویستە بەجێیبهێڵێتو بگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کەلێوەی هاتووە ٠

فەرەنسی و ئەوروپیەکان بەشێوەیەکی گشتی بەدرێژایی سێسەد ساڵ شەڕی ئوسوڵیەتی مەسیحیەتیان نەکردووەبۆ ئەوەی ئێستا ژێردەستەی ئوسوڵیەتی دینێکی تربن کەدینی خۆیان نیە، بەڵام (گارق) لەسەر هەق بوو کاتێك داوای چاککردنی جالیە کۆچکردووە هەژارەکان بکات کە بێئیشیەکی زۆر لەنێویاندا بڵاوە کە ئەمەش زۆرجار هانیان دەدات بۆ توندو تیژی ٠

ماوەتەوە ووشەی کۆتایی لەسەر تورکیا ٠

لێرەدا سەرنج دەدەین کەگرەوی هەمووپرۆسەیەك کەوتۆتە سەر بابەتی ئاشتبونەوەی نێوان ئیسلام‌و تازەگەری یان جۆشدانی شەڕێکی کوێرانە لەنێوانیاندا٠

ئەوە شتێکی دیارە کە بەرژەوەندی کۆمەڵەکەی (قاعیدە)و توندڕەوەکانی تر لە سەرکەوتنی ئەزمونی تورکیای ئێستادا نیە ، حزبی عەالەت و تەنمییەی تورکی

که نوێنەری هێڵی ناوەڕاستی ئیسلام ( وکنتم امه وسگا) دەکات دەیەوێت هاوکێشەییەکی تەوافوقی لەنێوان ئیسلامو بەهاکانی شارستانیەتی ئەوروپی دروست بکات.ئەمەش مەترسیەکە زیاتر لە مەترسی فرۆکەو موشەکەکانی ( جۆرج دەبلیو بۆش ) ٠٠٠

وەئەگەر بێتو ئەم ئەزمونە سەربگرێت ئەوا بۆ هەموو موسڵمانانی دەسەلمێنێت کەخوێندنەوەیەکی تر هەیە بۆ ئیسلامو قورئان جیا لەو خوێندنەوە تاریکەی کەدەیانەوێت بەسەرماندا بیسەپێنن وەك ئەوەی کەتەنها ئەو خوێندنەوەیە ڕاست بێت ٠

سەرچاوە / ڕۆژنامەی ( الشرق الاوسط )ی ڕۆژی ٢٩/نوفمبر ٢٠٠٣
لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ ) ژمارە ٣٤١٠دا بڵاوبووەتەوە٠٠٠



# جیهانی ئیسلامی
# بەئاگاهاتنەوە قورسەکە

جیهانی ئیسلامی ئێستاکە لەکێشەدایە لەگەڵ خۆیو لەگەڵ ئەوانی دیشدا، ئەو هاواردەکات هەروەها داواش دەکات .وەناشزانم چۆن و چ کاتێکیش لێی دەردەچین، ئایا سەلامەت دەبین یان نا٠

بێ هیچ دوو دڵیەك لەناو تەنگوچەڵەمەکەداین هەروەك بیرمەندی فەرەنسی (پول هازار) لە کتێبەبەناوباگەکەیدا ( أزمەالوعی الفرنسی) وەسفی دەکات.

وەك ئاشکرایە مەسیحییەکانی ئەوروپای کۆتاییەکانی سەدەی (١٧)شایەتی بۆ سەرەتاکانیئەو تەنگوچەڵەمەیە دەدەن .دواتر لەهەردوو سەدەی ١٨و١٩دا زیاد دەکاتو تاکو لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بەیەکجاری چارەسەردەکرێت .

ئەو پرسیارەی کەلەوان دەکرا ئەوەبوو:
کەئایا دەتوانن پێشبکەون بێئەوەی بگۆردرێن یان عەقیدەکەیان بدۆڕێنن ،ئەو عەقیدەیەی کەرۆحیان بوو یان زیاتریش لەڕۆح.(مەبەستم لەعەقیدەی مەسیحیەتە).
کتێبی پیرۆز ،واتە تەورات یان ئینجیل ،لەسەر جوگرافیای زەوىو سەرەتاى کەون شتێك دەڵێتو زانستی تازەش کەخەریك بوو جێگیردەبوو ، شتێکی تری دەوت.
باوەڕ بەکامیان بکەن ...؟
ئایا باوەڕ بە حیکایەتی (سفر التکوین) ی هاتوو لەتەوراتدا بکەن یان بەبیردۆزەکانی (گالیلۆونیوتن)...؟
گێروگرفتێکی سەرسوڕهێنەرو دژبەیەکێکی بکوژەو هیچ دەربازبونێکی نییە .دواترو هێدی هێدی و پاش ئازارێکی ناوخۆیی ترسناك، کەوتنە تەفسیرکردنو تەئویلکردنێکی مەجازییانەی دەقە عەقائیدییەکانیان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕوبەڕوی بیردۆزە زانستیەکان نەبنەوە کە بەتەجروبەو بەڵگەی هەستپێکراوەوە سەلمێنرابوو ،بەڵام تەئویلە وشەییەکان پێداکێشانیان



دروستدەکردو ئەو هەموو ئازارو دژەیەکانەی بۆ دروست دەکردن.
بەم شێوەیە دژەیەکەکان چارەسەرکرا کەماوەیەکی درێژوای بۆدەچون چارەسەر ناکرێت ،هەموو تەنگوچەڵەمەیەکیش کاتێك کەچارەسەردەکرێت یان کۆتایی پێدێت دەبێت بەخۆشی،چونکە لە بەرامبەرتدا ئاسۆیەکی فراوان دەکرێتەوە ،بەڵام ئەگەر هیچ دەروازەیەکی بۆنەدۆزرایەوە بۆچارەسەر ،ئەوا کۆدەبێتەوەودەتەقێتەوە لەناوەتداو وێرانت دەکات.
لێرەوەیە دەتوانین لەو باڵادەستییەی شارستانییەتی ئەوروپی تێبگەین بەسەر ئەوانی دیدا لەسەدەی ١٦ هەمەوە یان بەلایەنی کەمەوە لەسەدەی ١٨هەمەوە.
ئەوان بۆکێشەکانیان دەروازەیەکیان دۆزییەوە ،دوای ئەوەش هەزارجار بەهێزتربوون وەك لەسەرەتای کێشەکەوە هەبون،وەك پەندەکەش دەڵێت"ئەوکێشەیەی کەنامکوژێت بەهێزم دەکات".

ئێستا سەرنج بدەین ،دەبینین هوشیاری ئیسلامی لەکێشەیەکی ترسناکدایەو وەك دەردەکەوێت هیچ چارەسەرێکی نییە.

شڵەژاوەو بەزەبروزەنگە ناوخۆیو دەرەکییەکان دەتەقێتەوەو پارچەکانی خۆشیو ئەوانی دیش بریندار دەکات .

هەمو ئەمانەش لە بەر ئەوەیە :چونکە ڕۆشنبیرە عەرەبەکان یان موسڵمانەکان تاکو ئێستاش نەیانتوانیوە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم بارودۆخە بدۆزنەوە ..هەرئەمەشە جیاوازی نێوان بارودۆخی ئەوروپاییەکان وبارودۆخی ئێمە ،ئێمە کاتێك سەیرێکی چواردەوری خۆمان دەکەین هیچ کەسایەتییەکی لەجۆری (سپینونزا ،یان مالبرانش،یان دیدرۆ،یان ڤۆلتێر،یان ڕۆسۆ) نابینین.

ئەمە ئەگەر لە ( کانت و هیگڵ) گەڕێین.

ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کەنەتەوەی عەرەب یان ئیسلامی توشی بێ هیوای بوون و ناتوانن هیچ بەهرەمەندێك بخوڵقێنن..؟



یان ئەمە مانای ئەوەیە کەهەر لەئەزەلەوە ڕەگەزی ئەوروپی باڵادەستە بەسەر ڕەگەزی عەرەبیدا،نەئەمەیە نەئەوەش ..

یەکەم/ بەهرەمەندە گەورەکان ناتوانن لەهەموو نەوەیەکدا یان دوو نەوە جارێکدا دەربکەون،بەڵکو هەموسەدەیەك یان دووسەدە یان زیاتر دەردەکەون.

دووەم/گۆڕەپانی عەرەبی یان ئیسلامی خاڵیەنییە لەبیرمەندە تاکەکان ،بەڵام سنوری کێشەکە لە ئەوان گەورەترە.

هەندێك کێشە هەیە لە نێوان شەوڕۆژێکدا چارەسەر ناکرێت ،بەڵکو چەند نەوەیەکی پێویستە تاوەکو بەسەریدا زاڵبیت .

یەکێك لەو کێشانە کێشەی هوشیاری ئیسلامییە لەگەڵ تازەگەریی زانستیو فەلسەفیدا ،ئەولەلایەك وەهمی ئەوەی هەیە کەخیانەت لە کەلەپوورو پیرۆزترین پیرۆزییەکانی دەکات ئەگەر بەسەر ئەم تازەگەرییەدا بکرێتەوە ،لەلایەکی تریشەوە ناتوانێت ئەگەر نەکرێتەوە.

نەزانیشە ئەگەر واخەیاڵبکەین کە ئەم کێشە درێژ خایەنە لەدەساڵ یان بیست ساڵدا چارەسەردەبێت.

پێویستە کاتێکی تەواوی بدەینێ بۆ ئەوەی بەتەواوەتی نیشانەکانی پێبگات ورونبێتەوە. پێم خۆشە بەم بۆنەیەوە وتەیەکی (کانت) بگێڕمەوە کاتێك کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەدا لێی دەپرسن :ئایائێمە بەڕاستی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا دەژین.....؟

ئەویش دەڵێت: نەخێر ،بەڵام ڕووەو ڕۆشنگەڕی هەنگاو دەنێین ،بەشەرییەتی ئەوروپی هێشتا بەتەواوەتی لەنائاگاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست وتەمبەڵییە ئارامبەخشەکەی بەئاگا نەهاتۆتەوە،بەڵام بێگومان دوای ماوەیەك بەڕۆشنگەری دەگات.

کاتێك (کانت) ئەم قسانە دەکات لەئەورپا سەردەمی دەرکەوتنی کەسایەتییە گەورەکانە لە مێژوی فیکردا،کە پێشتر ناوی هەندێکیانم برد،هەروەها سەردەمی دەرکەوتنی زاستی تازەبوو لەسەردەستی (دیکارتو گالیلۆو کلیپەرو نیوتن)دا.



هەروەها دەرکەوتنی ڕەخنەی مێژوییو زمانەوانی وفیلۆلۆژی (فقە اللغە) بوو لە دەقە مەسیحیەپیرۆزەکاندا لە سەردەستی (ڕیچارد سیمون)ی فەرەنسی وفەیلەسوفی هۆڵەندی (سپینۆزا).

هەروەها سەردەمی کتێبە جوانەکان و شەڕە فیکرییە یەکلایکەرەوکانی (ڤۆلتێر)و(دیدرۆ)و(جان جاك ڕۆسۆ)بوو، بەڵام ڕوناکاییەکانی ئەم خۆرە فیکرییە هێشتا نەگەیشتبوە دێهاتە دورەکان وشاخە سەختەکان ،هەروەها دانەبەزیبووە ژێرخانە قوڵەکانی گەل لە شارەکاندا ،گەل هێشتا لەخەونێکی درێژدابوو ووەعزەکانی کاهینەکانو گشت پیاوە دینییەکانی تر هێشتا مەستی کردبوون ،هەروەها ئارەزوییەك هەبوو بۆ دەمارگیری ،بەڵێ بەرێزان لەناوەوەی زیندانیشدا ئارەزوویەکی تێرنەبوو بۆ دەمارگیریو خەوێکی خۆش هەیە ،بە ئاگا هێنانەوە شتێکی بێزارکەرو قورسەو خۆزگە تا ئەبەد دەنوستین ..رێك لەم خاڵەدا ئێمە ئێستا ئامادەین ،ئێمە هێشتا بە ئاگانەهاتوین ،سەرەڕای ئەو هەموو لێدانانەی کەماوەیەکە بەسەرماندا دەدرێت.

تەنانەت لێدانەکەی (١١)سبتەمبەرو هەمو شتەکانی تریش کە بەدوایدا هات نەیتوانی لە نوستنەکەی ناو ئەشکەوتەکە بەئاگامان بهێنێتەوە.

ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە ،تۆ ناتوانیت لە خەوێك کەنزیکەی هەزارساڵە درێژەی هەیە بە ئاگابێینەوە. وایش دەرکەوت کەئێمە پێویستمان بە بومەلەرزەکان و بورکانەکانە بۆ ئەوەی هەندێك ڕامان بوەشێنێت کە بە دوایدا دەبێتە هۆی بە ئاگاهاتنەوەمان. ئێمە پێویستمان بە هەمو ئەمانە هەیە بۆ ئەوەی یەکەمین پرسیار سەبارەت بە کەلەپورمان ،عەقیدەمان ،ناسنامە مێژوییە قوڵەکەمان بکەین.

ڕەنگە هەندێك زیادەڕەوی بێت ئەگەر بڵێم چەندین بیرمەند پرسیاری یەکەمیان کردوە، کەهەندێکیان لەزمانە بیانیەکانەوە وەك(محمەد ئەراگۆن)و هەندێکی تریشیان لە زمانە عەرەبیەکە خۆیەوە وەك(نەسر حامد ئەبو زەید) کەبەم دواییە کتێبەکەی (الخگاب والتا ویل) دەستی بەسەردا گیرا لەلایەن دادگاکانی تەفتیش و



لێپرسینەوەوە،بەڵام ئەمە بەڵگەی تەندروستیو ساغێتیە نەك بەڵگەیەك بێت بۆ نەخۆشی.

ئەمەنیشانەی ئەوەیە کەئەم نەتەوەیە هێشتا نەمردووە ، بەڵکو پێشبینی بە ئاگاهاتنەوەی لێدەکرێت .

هەروەها نیشانەکانی ژیانیش بە دەمارەکانیدا دێت ودەڕوات.هەمو شتێك لەم ڕوبەڕووبونەوەیخودی عەرەبی _ئیسلامی،لەگەڵ خۆیدا دەست پێدەکات ،مەبەستم لەو خودە کەلەپورە باوکانەیە کە سزای ئەو خودە تازە لە دایك بوە دەدات وترسی گەورەبون وئازادبونی هەیە..

همو شتێك لێرەوە دەست پێدەکات :لەوبەر یەککەوتنەدا ڕاستەوخۆو ئاشکرایە ولەنێوان ئەو ڕابوردووەی کە گۆڕەپانەکەی گرتووەو ئێستایەك کەناتوانێت لە دایك بێت،چونکە ئەو ڕابوردووە گۆڕەپانەکەی گرتووەو ئاسۆکانی داخستووە.باوەڕبونێك بەڕابردووهەیە بە حوکمی خوو پێوە گرتن وهۆگرییو زەمەنی درێژەوە ئارامی بۆ خەڵکی وەدەست خستووە ، (تازە) هەموجار لەسەرەتادا بێزارکەرە ،بەڵام کاتێك دێت کە(تازە)

پێویستو داواکراوە تەنانەت لەمەسەلەکانی دینو عەقیدەشدا،ئەوکاتیش سەرەتای رزگارکردنی ڕاستەقینەی کەسایەتی عەرەبی وئیسلامی دەست پێدەکات تەئویلێکیتر هەیە بۆئەم کەلەپورەی گەورە درێژبووەوەی ١٤سەدەیە .

کاتێکیش بواری ئەوە دەدرێت کەلە هەمو جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبببێتەوە وتەنانەتیش بڕواتە ناو قوتابخانە قورئانییەکانەوەو کۆلیژە شەرعییەکانەوە ،ئەوا (هیواش) ڕێی تێدەچێت. ئەو کاتیش تەئویلە کۆنەکەی دین جێگای خۆی لەدەست دەدات ئەو تەئویلەی کەبردوینێتەوە ناو پێداکێشانێکی ترسناکەوە لە گەڵ جیهانی تازەو نەتەوە پێشکەوتوەکانیش لەخۆرئاواو خۆرهەڵاتدا،خودە عەرەبییە ئیسلامییەکە لەژێر پاشماوە مێژوەکاندا لەدایك دەبێت و هێدی هێدی پێدەگات تاکو بەسەر خودی خوێدا سەردەکەوێت .

دوای ئەوە هەموشتێك قابیلی ڕودانە. زانست و سیاسەت وپێشکەوتن و شارستانیەت ،بەڵێ شارستنیەتی عەرەبی ئیسلامی بە پۆشاکێکی تازەوە هاتوە ،بەشێوەیەکی تازەوە



هاتوە، بەشێوەیەك کەپێشتر لەخەیاڵی هیچ کەسێکدا نەبوە ،بەڵام ئەمە ڕونادات ئەگەر داخرانە درێژخایەنەکانو حاڵتەتەنگەکان لەیەك هەڵنەوەشێنیین ،لەسەر پاشماوەکانیشی ماڵێکی تازەو کراوە بەسەر هەواو خۆرو ئازادیدا سەرهەڵدەدات ، ئەم ماڵە جێگای هەموانی تیادا دەبێتەوە ،چونکە ماڵمانە ،نەك ماڵی تایەفەو مەزهەبەکان ،ئەوانەی چەندین سەدەیە بەسەر خۆیاندا داخراون .کێ دەیەوێت لەوماڵە تەنگەدا دوای ئەمانە ژیان بەسەربەرێت .....؟

کێدەیەوێت تیایدا نیشتەجبێت....؟

سەرچاوە/ ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط)ڕۆژی ١٣/کانونی‌یەکەم/٢٠٠٣
ئەم وەرگێڕانەلەژمارە(٣٣٥٧)ی‌ڕۆژی ٢٠٠٤/٥/٤ی
ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوبوەتەوە.

# پرسيار و پياچوونەوەكان
# لە بارەی نەتەوايەتی عەرەبەوە

لەم دوا دواييانەدا لەهەندێك سەرچاوەی عەرەبیو بيانييدا خوێندمەوە كەوا نەتەوايەتی عەرەب دوای بچوكبونەوەی بەعسو ناسرييەكان وەك ئايدۆلۆژيايەك لە مێژودايە .

ئەوە ئاشكرايە كە مردنی پێشوەختی (جەمال عبدالناسر) لە ساڵی ١٩٧٠ كاريگەرييەكی زۆری كردەسەر بيری نەتەوايەتی عەرەب ،چونكە لەكەسايەتی ئەودا نەتەوايەتی عەرەب دەبينرا، هەروەها لە قسەكردنو گەرمو گوڕييەكەيشيدا، ئەوەدەڵێينو سەرەڕای ئەوەی كەزەبری كاريگەرێك بەرنەتەوايەتی عەرەب كەوتبێت ،لە ساڵی ١٩٦٧دابوو ،بەم جۆرە مردنە رشەسمييەكەی سێساڵدوای ئەوە دواكەوت .



هيچ سەركردەيەكی عەرەبيش دوای مردنی ((عبد الناسر)) نەيتوانی لە زەرياوە تاوەكو كەنداو وەك دەڵێين خەڵك لەدەوری خۆی كۆبكاتەوە وبەڵكو بە پێچەوانەوە ڕاستە ،زۆرێك لە وانە نمونەيەكی دژی وەهايان پێشكەشكردوە كەلەگەڵ بيری نەتەوايەتيدا ناگونجێت كەخاوەنی ڕويەكی مرۆڤانەی گەشە .

بەم شێوەيە ئەو شكستەی ئەم جارە ڕويدا لەشانسی نەتەوەی عەرەبە بەو مانايەی ڕووە ئيستبداديیەڕەهاكەی نەتەوەی عەرەب كەوتووە ،ئيدی بۆ چشتێك دەگرين ..؟

لە ڕاستيدا بۆ ئەوەی بيری نەتەوەيی وەك تەوژمێك لەناو تەوژمەكانی تری گۆڕەپانی سياسیو ڕۆشنبيری عەرەبيدا بمێنێەوە ئەوا پێويستی بە پێداچونەوەيەكی بنەڕەتی و گشتگير هەيە ...هەندێك لەو لێكۆڵينەوانەی كە لەم دواييانەدا دەرچوە دەڵێت كە لەژێر فەلسەفەی ئەڵمانيدا بووە ( مەبەست لەبيری نەتەوەی عەرەبە) بەتايبەتی فەلسەفی (فيختە)...سەيری كتێبەكەی (خطاب موجةالى الامة الالمانية )بكە.

هەندێکی تر وایدەبینن پرۆژەی نەتەوەیی عەرەب لە ژێر کاریگەری شۆڕشی فەرەنسی و دەوڵەتی یەعقوبی ناوەندیدا بووە، ئەو دەوڵەتەی کە هەمو کەمینەیەکی نەتەوەیی یان زمانەوانی ڕەفزدەکردو دەیویست بیانخاتە پەراوێزەوە ئەگەر نەیسرپیبایەتەوە٠ هەندێکی تر زیاتر دەڕۆنو دەڵێن لە ژێر کاریگەری تەوژمە فاشییەکانی لە شێوەی مۆسۆلۆنی یان نازیەتی لەشێوەی هیتلەریدا بووە.

هەرچۆنێك بێت چەندین مەسەلەی حەساس لەناو تەوژمی نەتەوایەتیدا هەیە ، وەك دەمارگیریو شۆڤێنیەت ، بەڵام هەستی نەتەوایەتی بەمانا کراوەو فراوانەکەیشتێکی ڕێگا پێدراوەو هیچ تەمومژێکی ناوێت .

وەك دیارە فەرەنسییەك ئەگەر لەدرەوەی وڵاتەکەی زمانەکەی خۆی ببیستێت یان ڕۆژنامەی وڵاتەکەی خۆی ببینێت ئەوا هەست بەخۆشی دەکات وئەمەش بۆ ئەڵمانییەك یان ئینگلیزییەك یان ئیتالیەك هەربەهەمان شێوەیە ،بەمجۆرە بەمانا زماناوانیو ڕۆشنبیریەکەی



وشەکە هەستی نەتەوەیی نەمردووەو ناشمرێت تەنانەت ئەگەر جیهانگیرییەکی کەونیش بەدیبێت .

من هەرخۆم ئەو کاتەی سەردانی ڕۆژئاوای عەرەبیم کردو کاتێك لەویستگەی ڤیتارەکە لە (رباگ) دابەزیم ،هەستم بەخۆشی کردو ئەو کاتەی ئەوهەموو ڕۆژنامەو گۆڤارە جوانو ڕێکوپێکانەی (مەغریبی)م بینی و زۆرێکم لێکرپین ، بەتاسەوە کەوتمە خوێندنەوەی ودەمزانی من بەدوری (٦٠٠)کم لە سوریاوە دورم ٠ئەو کاتە هەستم کرد کەکراومەتەوە زیاد لەخۆم گەورەبوم ٠

هەروەها زیاتر هەستم بە فەخرو پێوەنازین دەکردو لە گەڵ خۆشمدا دەموت :هەرکات سنورەکانی زمانی عەرەبی کۆتایە هات ئەوکات سنورەکانی منیش کۆتایی دێت٠

بەڵی زمان مولوولەکانی ڕۆشنبیرییە و شارستانییەتیش کۆڵەکەی سەرەکی ڕەوتی نەتەوایەتیە ،بەڵام ئایا ئەمە مانای ئەوەیە پێویستە دژی (ئەمازیغ) بەربەرەکان بم لە مەغریبدا

یان دژی کوردەکان بم لە ڕۆژهەڵاتدا..؟

تاوەکو ببم بە نەتەوەپەرستێکی عەرەبی ،ئەگەر بەم جۆرەبێت ئەوا من ( کە هیچ کاتێك ناتوانم نەبنوم یان خەبەرم بێتەوە ئەگەر چەند کۆپلەیەکی شیعری بەیاتی نەملاوێنەتەوە)

نەتەوەپەرستێکی عەرەب نیم..

لێرەوەیە ڕووی ترسناکی ئایدۆلۆژیا نەتەوایەتییەکانی عەرەب دەبینین، ئەو ئایدۆلۆژیانەی کەبە تێپەڕبونی ڕۆژگار بچوکتربونەتەوەو بوون بە ئایدۆلۆژیایەکی شمولیو ئیستبدادی داخراو وخاڵی لەهەموو هەستێکی مرۆڤانەو فەلسەفەیەکی قووڵ.

هەربۆیە ئێشستا کاتی ئەوەیە کەدان بەولادانانە بنێینو هۆیەکانی ڕون بکەینەوە۰

ئایا ئەوە هەر لە سەرەتاوە وەهابووە ...؟ یان ئەمە لەمدوایانەدا ڕویداوەو لە قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراودا گەورەبووە..؟چۆن دەتوانیین ناتەواوییەکانی چاکبکەینەوەو هەروەها بیرێکی خاوەن ڕووی مرۆڤانە سەرلەنوێ بنیات بنێینەوە ..؟



ڕەنگە یەکێك بڵێت :بەڵام ئەم پرسیارانە زەمەن بەجێیهێشتوە و ئێستا ئێمە لە زەمەنی ئوسوڵێتی ئیسلامیدا دەژیین،نەك زەمەنی نەتەوایەتی عەرەب ۰

ئەمە تاڕادەیەك ڕاستە، دوای مردنی عەبدولناسر ئیخوان موسلمین توانی بگەڕێتەوە گوڕەپانە ونبوەکەو جارێکی تریش گۆڕەپانی ئایدۆلۆژیەت داگیربکاتەوە، بەڵام لێرەدا دوبارە خۆمان لەبەردەم هەمان پرسیاردەبینینەوە : ئایا پێویستە بۆ ئەوەی کە موسڵمان بم دەبێت لەبەرامبەر ئاینەکانی تردا دەمارگیربم ۰۰۰۰۰؟ یان ڕێگایەکی تر هەیە بۆ تێگەیشتن لە ئیسلامو پەیامەکەی ۰۰۰؟

لێرەوە سەرنج دەدەین کەدوبارە پێداچونەوەیەکی ڕادیکالآنە لەسەر هەموو ئاستەکان پاش هەموو ئەوانەی کەڕویدا پێویستە ۰۰۰۰

من لەو بڕوایەدام کە (١١) سبتمبەر سەبارەت بە ئوسولیەتی ئیسلامی مەترسی کەمترنیە لە (٥) حوزەیرانی ١٩٦٧ سەبارەت بە ناسریەتو نەتەوایەتی عەرەبەوە ۰

بەم مشێوەیە پرسیارەکە کە پێویستە بکرێت ئەوەیە :
چۆن دەتوانیین دوکۆڵەکە سەرەکییەکەی ناسنامەو بیرمان نوێ بکەینەوە (مەبەستم لە کۆڵەکەی نەتەوایەتی و دینە) کەبێ ئەم کارە نەتەوایەتی عەرەب ناتوانێت بە ئاگابێتەوەو بەدڵنیایشەوە ڕەوتی ئاینیش چارەنوسی شتێکی ئاشکرایە٠

بەمەش ڕەنگە یەکەمجار بێت کە خۆمان لەبەرامبەر مەترسییەکی بێنمونەدا ببینینەوە ، مەترسیەك وا هەست دەکەین لەبۆشاییەکدا یان هەوایەکداین کە هیچ بنەمایەك یان پارێزەرێکی نیە٠

خۆمان دەبینینەوەو واهەست دەکەین کەئەم دنیاو ئەو دنیاشمان دۆڕاندوە،بەڵام چی بکەین٠٠؟

بەدڵنیاییەوە پەیوەندی کردن نییە بە( کۆنگرەی نەتەوەیی عەرەبەوە) کە دەیناسورە سەدامییەکانو سەدامییە کوێرە ئایدۆلۆژییەکان سەرپەرشتی دەکەن٠

هەروەها پەیوەندیکردنیش نییە بە بزوتنەوە ئوسوڵیە توندڕەوەکانەوە کە هەمو جیهانیان لە دژمان هانداوە وگەیاندووینیان بەم ڕۆژەی کە تێیداین ٠٠



هەروەها تێکەڵاوکردنی هەردوو تەوژمەکە نییە لەسەر ڕێگای دانیشتنە نەتەوەیی _ دینییەکان کەجارێك بە کوێرکردنمان تێرنەبون و دەیانەوێت بیکەن بە دووجار، وەك ئەوەی دەمار گیری نەتەوەیی بەس نەبێتو دەمارگیری ئاینیشمان بۆ زیاد بکەن ٠

ڕەنگە خوێنەر بە لایەوە شتێکی کوتووپڕ بێت کە بڵێم چارەسەر لە پەیوەندی کردن بەشتێکەوەیە کە تائێستا ئامادەیی نییە.

هیچ بەدیلێکیش دروست نابێت ئەگەر لە سەر پاشماوەی ڕابردوی ناوەڕۆك هەڵکۆڵراو نەبێت٠بەڕێزان ڕۆشتوینەتە ناو تونێڵکەوە کەسەرەتای هەیەو کۆتایی نییە ،تاڕادەیەك تاماوەیەکی بینراو ٠٠٠ئایا چەندێك کاتمان دەوێت تاکو نەتەوەی عەرەب بەم شێوە بەردییەی ئێستای لێك هەڵوەشێنیین ...؟ یان چەندێکی تر کاتمان پێویستە تاکو بیری ئوسوڵییەت لێك هەڵبوەشێنین .

بەڕاستی نەوەی ئێمە لەم پرۆسەیەدا لەناوچون ،هەروەها نەوەی دواتریش کەدێ، وەك خۆم هیچ

وەهمێکم دەربارەی قۆناغی ئێستا نەماوە بەدڵنیاییەوە دوای ئەو ڕوداوانەی دوایی هەست بەئارامی دەکەمو زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە خەونی پێوە دەبینم ... هەروەها لەڕێگای بیرێکی ڕەخنەیی قوڵەوە کەتاقوڵایی کێشەکان دەڕوات نەك لەناوەڕاستدا بوەستێت خۆمم ئامادەکردووە.

واهەستیش ناکەم بە درێژایی ئەم چارەکە سەدەیەش بە پێچەوانەی ڕەوتی مێژووە هەنگاوم نابێت ،بەپێچەوانەوە لەگەڵیدا ڕۆیشتوم و پێشیشی کەوتوم ئەمەش بۆ ئەوە ناڵێم کە فەخرکردن بێت بە خۆمەوە ،چونکە ئەوە شتێکی بێبایەخ و بێ مانایە،بەڵکو بۆ ئەوە دەیلێم کەهەندێك لەوانی دی لەوەبگەن کەشەڕی فیکر تا ئێستاش لە سەرەتادایە ...نوسەری ئەم دێڕانەش ئامادەیە کە لە ناویدا بێت یان بەردەوام بێت تاو دوا هەناسە.

سەرچاوە /ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) ی ڕۆژی ٢٠٠٣/٦/٢٢

بڵاوبوەتەوە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوی)یڕۆژی ١٨



# ڕۆشنبیرە ئەمریکیەکان و چارەنوسی جیهان

ئەو بۆچوونانەی دوای جەنگی سارد جیهانیان بەخۆیانەوە خەریك کردووە تاڕادەیەك هەمویان ئەمریکین ،هەمومان بۆچونەکەی (فۆکۆیاما) مان لەبیرە کەباس لەکۆتایی مێژوو دەکات ،دوای ڕوخانی دیواری بەرلین و جیهانی شیوعییەت بەگشتی.

لەوکاتەدا ئەمریکا دوای (٤٠) ساڵ پێکی سەرکەوتن هەڵدەدات و واهەست دەکات کە هەموو جیهان بۆ ئەوە ،لەبارودۆخێکی وادا ئەم بیریارە بیردۆزەکەی خۆی دەخاتە ڕوو کەپێی وایە لیبراڵیەتی ڕۆژئاوایی بەشێوەیەکی یەکجاری سەرکەوتووە و بەمەش کۆتایی مێژووە.

دوای کەوتنی فاشییەت و دواتریش شیوعییەت لەئەوروپادا ،هیچ ڕکابەرێك لەبەرامبەردا

ديموكراتييەتى ليبراڵييەتدا وەك ڕژێمێكى سياسى نەما ،يان بەرامبەر سەرمايەدارى وەك ڕژێمێكى ئابورى٠

بەم جۆرە ڕۆژئاوا گەيشتە كەنارەكانى ئارامى ،لەمڕۆشەوە هيچ شەڕێك يان شۆڕشێكى ناوخۆيى بەخۆيەوە نابينێت

هەمو سەردەمێكى شۆڕشى ماركسى و غەيرە ماركسى كۆتايى پێهات ،لەبرى ئەوە سەردەمى بوژانەوەى ئابورى هات ،سەردەمى ژيانێكى باشو وەدەستخستنى ئاشتى هات ٠

گەلانيش چيان لەمە زياتر دەوێت .

دواى ماوەيەكى زەمەنى زۆرو پاش ئەوەى ئەم بۆچونە ڕۆشنبيرەكانى ئەوروپا و جيهانى عەرەبى بەخۆيەوە سەرقاڵكرد،ڕوبەڕوى كۆمەڵێك ڕەخنە بويەوە ،گرنگترين ڕەخنەيەكيش كەئاراستەى بۆچونێكى لەوجۆرە كرابێت ئەوەبوو كەوا هێشتا مێژوو كۆتايى پێنەهاتوە ،بەبەڵگەى ئەوەى لەزۆرێك ناوچەكانى جيهاندا هێشتا جەنگ و ململانێ بوونى هەيە ٠



هێشتا دەمارگيرى نەتەوەيى و دينى لێرەو لەوێ مێژوو دەجوڵێنێت ،زياتريش بڕۆين دەڵێين :كەمرۆڤەكان بەبەخشندەيى ئابوورى تێرناخۆن ، بەڵكوو دەيانەوێت زياتريش لەوە تێپەڕێنن٠

ئايا (فۆكۆ ياما ) دواى ئەوهەموو ڕەخنەيە كە لە هەموو لايەكەوە ڕوبەڕوى بويەوە بۆچونەكەى خۆى گۆڕى٠٠؟

نەخێر بەهيچ جۆرێك.

ئەوباسى لەوە نەكردوە كەمێژوو لەهەموو جيهاندا كۆتايى هاتووە ،بەڵكو بەتەنها باسى لەووڵاتانى ڕۆژئاوا (ئەوروپا-ئەمريكاى پێشكەوتوو ) كردووە و وتويەتى مێژو كۆتايى پێهاتووە ،بەڵام لەناوچەكانى ترى جيهاندا ئەوا خەڵكى ڕێگايەكى درێژيان لەبەردەم دا ماوە پێش ئەوە بگەن بەديموكراتييەت و فرەبۆچونى سياسى وئازادى فيكرى و ژيانێكى خۆشبەخت ، وەك چۆن لە ڕۆژئاوادا هەيە ٠

ئەوەى تێبينى دەكەين لێرەدا ئەوەيە كەمەبەست لەمێژوو،ململانێ و شەڕە ناوخۆيىو دەرەكييەكانە، بەم مانايە مێژوو تاوەكو ئێستاش تووڕەيە لەئەفريقاو

ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڵقان و شیشان و ناوچەکانی تری جیهان ٠

بۆچونەکەی فۆکو یاما لەلوتکەی سەرکەوتنەکانی ڕۆژئاوا لەبەرامبەر یەکێتی سۆڤییەتدا دەرکەوت٠

هەربۆیەشە سروشتێکی گەشبینانەو بڕوابون بە داهاتوی پێوە دیارە ئەمە ئەگەر نەڵێین غرورو لوتبەرزی ،بەڵام چەند ساڵێك دوای ئەوە بیرۆکەیەکی دی دەردەکەوێت ،کە هیچی کەمتر نییە لەئەو لەڕوی گرنگیی و ناوبانگەوە ، ئەویش بیرۆکەی مامۆستاکەی (سامۆ ئێل هانگتۆن)ە ٠

ئەمە دنیای داگیرکرد و خەڵکی بەجۆرێکی وا بەخۆیەوە خەریککرد تاوەکو بیرۆکەکەی (فۆکۆ یاما)ی داپۆشی ٠

ئاشکراشە کە ڕۆشنبیرەکانی عەرەب بەدرێژی گفتوگۆیان لەسەرکرد ،نەك هەر ئەوە بەڵکو چەندین کۆنگرەشیان لەسەرگرت ،ئەو کۆنگرانەی کەباسی لە دیالۆگی نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوا دەکرد ٠٠٠٠٠٠هتد ٠



بەڵام ئەو شتەی کەتەنها کەمینەیەك دەزانێت ئەوەیە کەئەو بیرۆکەیەی هانتگتۆن لە دروست کردنی خۆی نییە بەڵکو هی (بەرنارد لویسە )٠

ئەم ڕۆژهەڵاتناسە ناسراوە یەکەمجار ئەو ئەوەی ڕاگەیاند :کاتێك باسی لە حەتمییەتی ململانێ کرد لەنێوان ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامی و ڕۆشنبیرییەکی ڕۆژئاوایدا ، بەڵام لەبەر ئەوەی هانتگتۆن بەدرێژی لێی ڕوانییەوە و ئاسۆکانی فراوانتر کردووە توانیویەتی کە (بەرنارد لویس ) بشارێتەوە تاوەکو ئەوەی کەخەڵکی بەتەواوی ئەوەیان لە بیرچوەتەوە کە ئەو خاوەنی بیرۆکەکەیە٠

ئەوەش ئاشکرایە کە بەرنارد لویس سەر بەڕۆژهەلاتناسی کلاسیکیە کەبڕوای وایە لەهەموو شارستانیەتێکدا ناوەڕۆکێکی جێگیر هەیە ،ئەویش ناوەڕۆکێکە نەپێش دەکەوێت و نەگۆڕانکاریشی بەسەردا دێت ٠

ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵاتەو ڕۆژئاواش هەر ڕۆژئاوا و هەرگیز بەیەك ناگەن٠

زۆر بەداخیشەوە کە (هامنتگتۆن ) دەکەوێتە بۆسەکەوە ، بەهۆیڕاسترەوی ڕەشبینییەکانییەوە بەرامبەر بەجوڵەکانی مێژوو ٠

ﻫەربۆیە باس لەململانێی شارستانییەتەکان دەکات و پێی وایە کەبەدرێژایی سەدەی ٢١جیهان بەخۆیەوە خەریك دەکات ،وەك ململانێی نەتەوەکان لەئەوروپادا لەسەدەی ١٩و ململانێی ئایدۆلۆژیا سیاسیەکان لەسەدەی ٢١ وەك (مارکسیەت و شوعیەت و نازیەت و فاشیەت و لیبراڵیەتی سەرمایەداری )

پێویستە بزانین دووجۆر فەلسەفەی مێژوو هەیە :گەشبین و ڕەشبین، فەلسەفەیەکی مێژووی ڕەگەزپەرستی کە لەسەدەی بیست دا باڵادەست بووە٠ فەلسەفەی مێژووی پێشکەوتنخوازی یان مرۆڤایەتی کەدەڵێت هیچ ناوەڕۆکێکی جێگیر لەلای گەلان نییە ٠

بۆنموونەگەلانی غەیرە ئەوروپی دەتوانن ئەوانیش پێش بکەون و شارستانییەت دروستبکەن ئەگەر بارودۆخی پێویستیان بۆبرەخسێت ٠



بەداخەوە تاوەکو ئێستاش ڕۆژهەڵاتناسی کلاسیك مەنهەجییەن ژێردەستەی ئایدۆلۆژیا کۆنەکانە ، ئەوە بێئەوەی دەریبڕێت بەشێوەیەکی ئاشکرا زۆربەکەمی نەبێت ٠

(محەمەد ئەراگۆن) یش چەندین جار لەمەترسیەکانی بۆچون گەلێکی لەوجۆرە ئاگادارمان دەکاتەوەو داواکارە کەمامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوری ئیسلامیدا وەك مامەڵەکردنی کەلەپورەکانی تربێت نەبەکەمی و نەبەزیادیو موسڵمانانیش وەك هەموو مرۆڤانی تر مرۆڤن ،ئەویش دەتوانێت کەپێش بکەوێت یان دوابکەوێت بەپێی بارودۆخ و هەڵبەزو دابەزەکان ٠

هیچ شتێکی جەوهەری وەهاش نییە کەجیایان بکاتەوە لەنەتەوەکانی تری سەرزەوی ٠٠٠٠هەروەها (مەکسیم ڕۆدنسۆن)یش هەروەها دەڵێت ٠٠٠٠٠

بەلام بۆڕاستی و ئینساف پێویستە بڵێین:(هانگتۆن) دواتر بۆچونەکەی خۆی دەگۆڕێت وەیان گۆڕانگاری تیادا دەکات ٠

تەنانەت دوای چیرۆكی بن لادن (١١سیبتمبەر )یش و هەلگیرسانی شەڕی نێوان ئوسولیە ئیسلامییەكان و ڕۆژئاوا ئەو پیاوە وتی : بۆچونەكەی ڕاست نییە یان ووردەكاری تەواوی تیادا نەكراوە ٠

ئەمەش شتێكە مایەی سەرسوڕمانە ،لەكاتێكدا كەزۆربەی خەڵك بڕوای وەهایە كەپێشبینییەكانی بەدی هاتوون و ململانێی داهاتوو ململانێی نێوان شارستانییەكانە ،ئەو پەشیمان دەبێتەوەو دەڵێت كە لەپێشبینیەكانیدا هەڵەیكردووە ٠٠٠٠٠٠٠چۆن؟ چونكە ئەو تێبینی ئەو دابڕان و ململانێیانیانەی نەكردوە كە لە ناوخۆی جیهانی ئیسلامیدا هەیە و ئەو وا لەئیسلامی ڕوانییەوە كەیەكەیەكی یەكگرتووە و نەدەگۆڕێت و نەگۆڕانكاری تیادا دەكرێت ،بەڵام ئێمە ئەوە دەزانین كەململانێی نێوان ئوسولێیەكان و تازەگەرەكان بە لایەنی كەمەوە لەسەرەتاكانی سەدەی نۆزدەوە ڕۆشنبیرییەتی ئیسلامی لەتكردووە وبەم جۆرەش هەڵەیە كە هەموو خەڵكی لەخانەیەكدا دابنێین ،سەڕای ئەوەش ململانێ لەنێوان دەوڵەتە ئیسلامیەكانیشدا بونی



هەیە ، ئیدی چۆن دەتوانین ئەوە تەفسیربكەین كەهەموو موسڵمانەكان بەیەك ڕێگا بیردەكەنەوە .
تەنانەت ڕۆژئاواش بەیەك ڕێگا بیرناكاتەوە .

چاكترین بەڵگەش بۆئەوە ئەوەیە كەوا (جۆزیە بوفیە)یفەرەنسی وزۆربەی سەركردەكانی بزوتنەوە كۆمەلایەتی و نەقابییەكانی دژبەجیهانگیری لە ئەسڵدا ڕۆژئاواییین نەك عەرەبی و ئیسلامی ٠٠٠٠٠٠ئەوەش ڕاستە كەئەوان وەك بن لادن و كۆمەڵەكەی ناكەن بۆ دژایەتی ئەمریكا ،بەڵام پەنا دەبەنە بەر ڕێپێوانی تووڕەو زۆرجاریش توندوتیژانە (سەیری ڕوداوەكانی سیاتڵ و جنوە و جنێف و ئیفیان ).

كەواتە ململانێی شارستانییەكان لە كوێی هەمو ئەمانەدا هەیە .

ڕاستە ئەو بۆچونانە یان مەبدەئانەی كە (جۆزیف بوفیە )دژایەتی جیهانگیری پێ دەكات هەمان ئەو بۆچونانە نییە كە بن لادن و ئوسولیە ئینتیهارییەكان كاری پێدەكەن

بەلاّم لەوانیش کاریگەری کەمتر نییە ،بەلّکو بەلێندەری داهاتوشە لە ئەوانی دی زیاترچونکە لەسەر زەمینەی فەلسەفەیەکی مرۆڤانەیە کەداوای دابینکردنی ژیانێکی بەختەوەر و مرۆڤانەتر وبۆ هەموو گەلانی سەرڕووی زەوی دەکات،نەك بۆ گەلانی ئەوروپا ئەمریکای باکوور بەتەنها ٠

جابۆیە ململانێی داهاتوو ململانێی نێوان شارستانییەکان نییە بەقەد ئەوەی کەململانێیە لەنێوان عەدالەت و زوڵمدا ، لەنێوان حەق و باتڵ دا ،لەنێوان هەژاری و برسێتی لەلایەك وڕەفاهییەتێکی زیاد لەپێویست و لەخۆبایبون لەلایەکی ترەوە ٠

لەم ململانییەشدا عەرەبێك خۆی بەتەنیشتی فەرەنسیەك و ئینگلیزییەك و ئەفریقییەك دەبینێتەوە لە دژی عەرەبێکی تر ٠٠٠٠بەپێچەوانەشەوە ٠٠٠٠٠

لە ژمارەی ٣٢٧٩ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بلاّوبووەتەو

سەرچاوە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسگ) ی ٢٠/٦/٢٠٠٣



## ڕەوەو سەدەی ڕۆشنگەری عەرەبی

ئەوە نزیکەی ٣٠ ساڵە لە ژێر سایەی ئوسوڵیەت و بزوتنەوەکانی ئیسلامی سیاسی دا ژیان بە سەر دەبەین ، هەندێك کەسیش پێیان وایە عەقڵیەتی ئوسوڵیەت یان سەلەفیەت ئەو ئاسۆیەیە کە لەم زەمەنەی ئێمەدا ناتوانین تێیبپەڕێنین ٠

بەلاّم هەندێکی تر پێیان وایە کە شەپۆلەکانی ئوسوڵیەت گەشتۆتە ترۆپك و ماندوبوەو تەنها ئەوەی ماوەتەوە کە لێك هەڵبوەشێت ٠

ئەو کاتیش بۆ یەکەم جار ئاسۆ دەردەکەوێت پاش ئەوەی هەوری ڕەش بەری گرتبوو هەروەها تاریکیش زیاد لە پێویست درێژەی کێشابوو ٠

من وەك خۆم مەیلم بۆ بۆچونی دووەم هەیە ، چونکە فەلسەفەی مێژوو پێمان دەڵێت هەرچ شەپۆلێکی

ئایدۆلۆژی ڕۆژێك لە ڕۆژان پێچەوانە دەبێتەوە پاش ئەوەی كەبلاودەبیتەوەو گۆڕەپانەكە داگیر دەكات ٠

ئێران تاقیگەی ئەزمونی ئوسوڵییەتە لە دەسەڵاتا بەدرێژی چارەكە سەدەیەك، ئەوەتا ئێستا گەشتۆتە سەر دووڕیانێكی داخراو و دوای ئەوەی كە توێژە دینیەكان لە نێوخۆیاندا دابەش بون بۆ ( پارێزگارەكان ) و( چاكسازیخوازەكان ) ٠

بەم جۆرە ئێمە یەك ئەزمونمان بەسە و پێویست بە چەند ئەزمونێك ناكات بۆ ئەوەی بە هەمان ئەنجام بگەین٠

ئەوە دەڵێین بە تایبەتی كەچەند ئەزمونێك لە ووڵاتانی تردا جگە لە ئێران ڕویداوە وەك ( بەنگلادیش و پاكستان لە سەردەمی ( ڤیاو الحق)و توركیای سەردەمی ئەربەكان ، ئەمە بێئەوەی ئەزمونە ترسناكەكەی تالیبانمان لەبیربچێت كە هەموو خەڵكی ترساندبوو) ٠

ئیدی پێویست ناكات ئەم ئەزمونەی كەگران نرخەكەی خۆی دا بەسەر هەموو ئەزمونەكانی تردا گشتگیربكەین



بەڵام ئەو ووڵاتانەی كە توانیویانە شەپۆلەكانی ئوسوڵیەت بگرن ئەوانەن كە ڕەزامەندبون لە سەر ئەوەی ئوسوڵیەكان بەشداری دەسەڵات بكەن نمونەی وەك ئەردەن ، لەوی ٧ ( مەبەست ئەردەنە ) لەناو پەرلەماندا كوتلەی خۆیان هەیە و دەنگ و ڕۆژنامەی خۆیان هەیەو هیچ كەسیش ناتوانێت دەمیان دابخات ، بەڵكو ئەوان دەمی خەڵكی دادەخەن٠

وادەردەوكەوێت كەبزوتنەوەی ئوسوڵیەت لە هەموو ووڵاتێكدا دابەش دەبێت بەسەر دوو ڕەوتی جیاوازدا :

ڕەوتێكی توندڕەو كە هەمو ڕێكەوتنێك یان پێكەوە ژیانێك لە گەڵ زەمەندا ڕەت دەكاتەوە ٠

هەروەها ڕەوتێكی عەقلانی ناوەند كە لەگەڵ زەمەندا بە شێوەیەكی زیرەكانە و هەست كردن بە لێپرسراوێتیەوە خۆی دەگونجێنێت و لەگەڵیدا ڕێك دەكەوێت ٠

ڕەوتی یەكەم وردە وردە شوێنەكانی خۆی لەدەست دەدات و لە بەر چەندین هۆكاری ناوخۆی و دەرەكی پەراوێزدەخرێت و هیچ داهاتویەكی نابێت ٠

بەڵام ڕەوتی دووەم هەموو داهاتویەکی لەبەردەست دایە ئەگەر بێت و بەتایبەتی ئەوە بزانێت کە چۆن چۆنی لەگەڵ ڕۆشنگەری و زەمەندا ڕێك بکەوێت ٠

ئەدی چی دەربارەی ڕەوتی ڕۆشنگەری پاك ٠٠؟

چۆن دەتوانێت گەشەبکات و پێش بکەوێت ؟

دەبێت دان بەوەدا بنێین کەوا لە ڕوی ( السوسیولوجیە ) وە واتە لەڕوی ژمارەییەوە بە بەراورد بە ڕەوتی ئوسوڵی و سەلەفیەکان تاوەکو ئێستا کەمینەیە ، تەنانەت لە گەڵ ئیسلامی ناوەند یان چاکسازیخوازیش دا ، ئەمەش تاماوەیەکی درێژتر هەروا دەمێنێتەوە ، پێویستیش بەوە ناکات کەهیچ وەهمێکمان دەربارەی ئەمە هەبێت ، مادامەکی پرۆگرامەکانی خوێندن هەروەك ئەوەبێت کەهەیە ، ئەوا بزوتنەوەی ڕۆشنگەری ناتوانێت لە کۆمەڵگاداسەرکەوتوبێت ٠

ئیدی شەڕە فیکریەکانیش لەدەرەوەی شوێنە ڕەسمیەکانەوە بەردەوام دەبێت : واتە لە فەزا پەراوێز خراوەکانی وەك خانەکانی بڵاوکردنەوە و گۆڤارە



پێشڕەوەکان ، تەنانەت لە ماڵە تایبەتیەکان و ساڵۆنە ئەدەبیەکانیشدا ٠

هەرچ شتێك لە فیکری عەرەبیدا یاوەکو ژیانی عەرەبی دا سەرکوت کراوە ئەوا ئەوان ( مەبەست لەوفەزایانەیە ) بەشێوەیەك لە شێوەکان دەروازەیەکی بۆ دەکەنەوە٠ هەوڵی ئەوەش دەدەن کە تەعبیر لە خۆیان و بۆ چونەکانیان بۆ جیهان بکەن ٠

جیهابینی زانستیش خۆی دەسەپێنێ ، بەڵام بێ ئەوەی کە پەیوەندی خۆی لە گەڵ ڕەهەندە ئەخلاقی و ڕۆحانییەکانی کەلەپوری گەورەی ئیسلامیدا بپچڕێنێت٠

لێرەدا جیاوازی نێوان ئێمەو ئەزمونی ئەوروپی دروست دەبێت ، مەسەلەکە تەنها مەسەلەی کاتە ، بەڵام ئەو شتە تازەیەی کە ڕۆشنگەری عەرەبی پێوە دەناسرێت ئەوەیە کەوا ڕەفزکەرەوەی خودی دین نیە ، بەڵکو ڕەفزکەرەوەی توندڕەوی دینیەیە ٠

لێرەشدا جیاوازییەکی گەورە هەیە کەزۆربەی خەڵکی سەرنجی نادەن ٠

ئەوی شوێنی گومان نیە ئەوەیە تێگەیشتنی عەقلانیمان بۆ کەلە پورەکەمان بەتێپەڕبونی زەمەن و فراوانتربونی چوارچێوەی ڕۆشنگەری مەعریفی لە نێو خەڵکیدا ڕونترو پێگەیشتوتر دەبێت ٠

لە سەردەمی خۆیدا لە کانت دەپرسن : ئایا مرۆڤایەتی ئەوروپی ڕۆشنگەرانەیە ؟

لەوەڵامدا دەڵێت نەخێر ، بەڵام ڕوەو ڕۆشنگەری هەنگاو دەنێت ٠

ئەڵمانیا لەساڵی ١٧٨٠ دا لە لایەن ڕژێمی لاهوتی ئوسوڵی دەرەبەگایەتیەوە حوکم دەکرا ٠

ئەوکات ژیانی لادێ ی باڵادەست بوو ، هەژاری بڵاوبو ، هێشتا شۆڕشی پیشەسازی تیایدا ڕوینەدابوو ، بەڵام سەرەتاکانی بزوتنەوەی فەلسەفی لە دەمارو مولولەکانیدا هاتوچۆیدەکرد ٠

بەلایەنی کەمەوە زانکۆکان سەرەتایان بو لە سازدانی ئەو گفتوگۆ ئازایانەی کە دەربارەی پەیوەندی دین و زانست یان دین و فەلسەفە بوو ٠



تەنانەت خودی کانت خۆی گەورەترین شۆڕشی فەلسەفی لە سەردەمی تازەدا کرد ، بەڵام ئەوەشی دەزانی کە ڕوانکایەکانی ئەم شۆڕشە مەعریفیە وەکو پێویست نەگەشتوە بە خەڵك بە تەنها لە نێو ناوەندی زانکۆکان و توێژە باڵاکانی کۆمەڵدا گیرساوەتەوە ٠

پرۆسەکە پرۆسەیەکی قورس و ئاڵۆزە و کاتێکی زۆریش دەخایەنێت

وەك ئاشکرایە ( هیگڵ ) بڕوای وابوو کەئەو بو مەلەرزەیەی چاخەکۆنەکانی کۆنی لە ڕەگەوە هەلکێشا هەردوو شۆڕشی سیاسی فەرەنسی و شۆڕشی فەلسەفی ئەڵمانی بوە ٠ئەم ڕوداوە کە لە ئاستی تیۆری و کرداریدا ڕویدا سەرتای چاخە تازەکانی دەست پێکردو دابڕانێکی گەورەی لە گەڵ ڕابردودا دروست کرد /واتە لە گەڵ ئوسوڵیەی مەسیحی و چاخی دەرەبەگایەتی کۆن ٠

بەڵام کاتێك سەیری واقیعی عەرەبی وئیسلامی دەکەین بەگشتی ئەوا من هیچ ڕوداوێکی هاوشێوەی وەك ئەوانەی پێشوتر نابینم تاوەکو ئێستا هەر لەبەر هەمان هۆشە من ترسم هەیە بەلایەنی کەمەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ٠لە ئاسۆدا هیچ بومەلەرزەیەکی فیکری هەست پێناکەم وەك ئەوەی کە فەلسەفەی

میسالیەتی ئەڵمانی لەسەر دەستی( کانت و فیختە و گۆتەو شیلینغ و هیگل) دا ڕویدا ٠شۆڕشی سیاسی دەبینم کە دەگەڕێتەوە بۆ دواوەوە نەوەك بۆ پێشەوە هەنگاو بنێت ٠سەیری شۆڕشی خومەینی بکە ٠بەڵام پێدەچێت ڕەنگە ئەم گەڕانەوەیە بۆ دواوە هیچ نەبێت جگە لە قۆناغی یەکەمی پاککردنەوەی حیساباتەکان ، دواتر چەند قۆناغێك بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت .ڕەنگە ئەوە شتێکی زەروری بێت کە بە قۆتاغێکی سلبی دا تێبپەڕین پێش ئەوەی بگەین بە قوناغێکی ئیجابیتر.
هەرلەبەر ئەوەشە ئەگەر یەکێك لێم بپرسێت : ئایاکۆمەڵگا عەرەبی و ئسلامیەکان ڕۆشنگەرن ؟ لەوەڵامدا دەڵێم:بە دڵنیاییەوە نەخێر ، بەڵام ڕووەو ڕۆشنگەری دەڕوات ٠ڕاستە ئێمە هێشتا لە سەرەتای سەرەتاداین ، بە ڵام ڕێگایەکی هەزاری میلی بە هەنگاوێك دەست پێ دەکات ٠

سەرچاوە سایتی
www.aawssat.com



# فەلسەفە وەك دڵنەوایکەرێك لە دنیایەکدا کەخاڵییە لە دڵنەوایی

کتێبی (عزااوت الفلسفه)) (lescon saolations delaphiloso philosophie)ی نوسەری لاو ( الان دوبۆتون) کە بەم دواییە لەخانەی بڵاوکردنەوەی (مکتبه الاجنبیه-باریس) بڵاوبوەتەوە، ئەم لاوە فەیلەسوفێکی بەریتانییە کەخاوەن ناوێکی فەرەنسییە ، لەساڵی (١٩٦٩) لە (زیوریخ ) لە دایك بووە ، بەڵام ئێستا لە لەندەن دەژی و خەریکی کاری نوسینە ٠
سەرەڕای گرنگی پێدانی بەبواری فەلسەفە ، ڕۆمانیش دەنوسێت و لە ڕۆژنامەشدا وتار بڵاودەکاتەوە ، ئەم کتێبەی بووە جێگای گرنگی پێدان هەربۆیە فەرەنسییەکان بەپەلە وەریانگێڕایە سەر زمانەکەی خۆیان ٠
فیکرەی سەرەکی ئەم کتێبە ئەوەیە ئەگەر توشی هەرناخۆشییەك بویت ئەوا تەنها فەیلەسوفەکان ئەتوانن

دڵنەوایت بکەن و سەرەخۆشیت لێبکەن ، فەلسەفە خۆی لەبنەڕەتدا بەمانای خۆشویستن و ڕاهاتن لەسەر ڕاستی (الحکمه) دێت، هەربۆیە ئەگەر جەماوەرت کەمیکردو خەڵکی ڕقیان لێت بووویەوە ئەوا (سوکرات) دڵنەوایت دەکات ، هەروەها ئەگەر پارەت پێنەماو نیمچە مفلسێك بوویت ئەوا تۆ دڵنەوایی لای فەیلەسوفی یۆنانی (ئەبیتۆر) دەبینیتەوە ، چونکە ئەو دەیزانی چۆن بەکەمترین شتێك ڕازیبێت ، وە ئەگەر ماندووبویت لەڕوبەڕوبونەوەی نەهامەتییەکان و کێشەکانی ژیاندا کەهەرگیز تەواو نابێت ئەوا تۆ دڵنەوایەکی جوان لای (نیچە) دەبینیتەوە ٠

تەنانەت ئەگەر توشی ڤایرۆسی خۆشەویستی بویت و وێنەی ئافرەتێکی دیاریکراو زیاد لە باڵادەستی ئیمپریالییەتی ئەمریکی ٠٠٠بەسەر مێشك و خەیاڵەکانتا زاڵ بوو ئەوا (شۆپنهاوەر)٠٠بەڵێ شۆپنهاوەر٠٠٠ دەتوانێت چارەسەرت بکات ٠

ئەم کتێبە جدیەتێکی قوڵ و ڕەوتێکی هەزەلی گاڵتەجاڕ لەیەککاتدا کۆدەکاتەوە، هەربۆیە بەشێوەیەکی ئاسان و



خۆش دەخوێنرێتەوە بەپێچەوانەی زۆرێك لە کتێبە فەلسەفییەکانی تر کە بەوە دەناسرێن ئاڵۆزو گرژن بە شێوەیەك زۆرجار وەك جادو وگرێ کوێرەیان لێدێت ٠

ئەم کتێبە بە سوکرات دەست پێدەکات، باوکی فەلسەفەو دامەزرێنەری فەلسەفە، لێرەدا جدیەتێکی ڕەها دەست پێدەکات و هەموو گاڵتەو گەپێك کۆتایی دێت، مەسەلەکە مەسەلەی مردنە یان مەسەلەی کوشتنە بەژەهری (الزعاف) ٠

دەسەڵاتی ئەسینا( واتە ئەودەوڵەتەی کەسوکراتی تیادا دەژیا) سوکراتی تاوانبارکرد بەوەی کەوا باوەڕی بەدینی ئەو نەهێناوە و زەندیقێکی ڕاستییە ! جیا لەمەش دەیەوێت چەند عەقیدەیەکی جیاواز لەو عەقیدەیەی کەباوك و باپیرەکانی بە درێژایی چەندین سەدە بڕوایان پێی بووە بڵاوبکاتەوە، لە مانەش ترسناکتر ئەوەیە کەوا دەیەوێت بەچەند بیروباوەڕێکی تازەو غەریب لاوەکانی وولات فاسید بکات (بەتایبەتی کوڕی خێزانە دەوڵەمەندەکان)٠

ئابەم جۆرە بڕیاری سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا ،بەڵام لەکاتی دادگایی کردنەکەدا دەروازەیەکی بچوکی نەجات بونیان بۆ هێشتەوە ئەویش بەوەی ئەگەر لە بیروباوەڕەکانی پەشیمان بویەوە وەیان نکوڵیان لێبکات ،لێرەدا سوکرات هەڵوێستێکی ئازایانەی نواند ،یان ڕونتر هەڵوێستێکی خۆکوژیانە کاتێك هەموو تەسلیم بونێکی ڕەتکردەوە ، ئەو ووتی (پێی باشترە هەزار جاربمرێت نەوەك لە بیروبۆچونەکانی پەشیمان ببێتەوە کەبڕوای وەهایە ئەوانە ڕاستین و سودیان بۆ لاوان وکۆمەڵگا هەیە) سەرەڕای ئەو تاوانانە تاوانێکی تریشیان ئاراستە کرد ئەویش ئەوەی کەوا کەسێکی نیمچە شێت و خاوەن ڕەوشتێکی جیاوازە ،نەك هەرئەمە بەڵکوو ترسناکیشە بۆسەر کۆمەڵ و وادەکات نەوەکان لە باوکەکانیان هەڵبگەڕێننەوە و دوبەرەکی دروست دەکات ، هەربۆیە دەبێت بەهەر شێوەیەك بێت بێدەنگ و سەرکوت بکرێت، (سوکرات) لەکاتی دادگاییەکەدا دانیبەوەدا نا کەوا کەسێکی جیاوازەو ژیانی خۆی لەبیرکردووە و ژیانێکی هەژاران ژیاوە لەجیاتی ئەوەی بەدوای ڕزق و



کۆکردنەوەی پارەدا بگەڕێت وەك چۆن زۆربەی خەڵکی ئەوە دەکەن ٠

هەروەها هەموو جۆرە ڕێزلێنانو دیارییەکی ڕەتکردەوە کە ڕۆشنبیرەکان بەدەست و قاچ پێشبڕکێی لەسەر دەکەن، وەژیانی خۆی بۆ خزمەتکردنی ئەوانی دی و گەڕان بەدوای ڕاستیدا تەرخان کردوەو هەموو ئامانجێکی ئەوەبووەکەڕێنمایی خەڵك بکات بۆ کاری چاکەو پاکێتی و ڕاستگۆیی ، ئەگەر ئەو لەوکارەدا شکستی هێنابێت یان ئەنجامەکەی بەلەسێدارەدان کۆتایی پێبێت ئەوا ئەو بەوبڕیارە ڕازییە و سەربۆ ئەمری واقیع دادەنەوێت ، ئابەو شێوەیە بەهەموو ئازایەتییەکەوە پێکی ژەهری خواردو قوتابیەکانیشی لەچواردەوریدا وەستابوون و ئەم دەیویست سەرەخۆشی و دڵنەواییان بکات، بەم جۆرە بووبەیەکەم شەهید لە مێژووی فەلسەفەداو شەهیدی ڕاستییەکە کە لەوادەی خۆی پێشکەوتوە ، دوای ئەویش تاوەکو شەڕی بیرمەندان بکرێت بەهۆی بیروباوەڕیانەوە ،تاوەکو قوربانیەکان گەورەتربێت ئەویش بەهۆی بەندیخانەوە بێت یان

ئازاردانەوە یان برسیکردنەوە بێت ، یان وەك چارەسەری کۆتایش لەڕێگای لەناوبردنی جەستەییەوە بێت ،ئەوا بەدڵنیاییەوە دواین کەسی شەهید نابێت٠

هەر لەسەر هەمان بۆچون دەتوانین بڵێین (سوکرات ) نەمردوە ، یان دەتوانین بڵێین ئەوهەمو جارێك دەژی یان دەمرێت کاتێك ڕۆشنبیرێك توشی سەرکوتکردن دەبێت بەهۆی سوربونی لەسەر ڕاستییەکانی و بیروباوەڕەکانییەوە ٠بەم مانایە( مەسیح) سوکراتە ،( جا ن جاك ڕۆسۆ ) سوکراتە ،چەند کەسێکی کەمیتر بەدرێژایی مێژوو سوکراتن ،با ئێستا بڕۆین بۆلای هاوڕێمان (نیچە )،لەڕێگای بەشێکی درێژو خۆشەوە کەدواین بەشی کتێبەکە کۆتایی پێد ێنێت ٠

نوسەر بەم مانایە دەڵێت / ئەو فەیلەسوفانە کەمن کەوا بڕوایان وەهایە بەدبەختی شتێکی باشە ،یان ئیجابیە ، تەقلیدیەن ،حیکمەت لەوەدایە کە بەردەوام لە هەوڵی کەمکردنەوەی نەهامەتییەکانی ژیاندا بیت ، بەشێوەیەکی گشتی ئەمە یارمەتیمان دەدات کەبگەین بەخۆشبەختیو سەرکەوتن لەژیاندا.



جگە لەلای نیچە کەوای دەبینێت دەتوانرێت گەورەترین دەسکەوت لەوەدا بە دەست بهێنرێت کەناخۆشی پڕسەرت بێت ، هەر جارەش کە ناخۆشیەکەت گەورەتربوو ئەوا چاکتر،ئەوویش بەهۆی ئەوەی کەوا فەلسەفە نادرەوشێتەوە ئەگەر لە دەریایەك نەهامەتیدا نەبێت،پیاوە گەورەکانیش ئەوانەن کەڕۆچون لەناخۆشیدا و سوتاون لەناو نەهامەتیدا ،بەڵام خەڵکانی ئاسایی و نەوەی بنەماڵەکان وەك وایان پێدەڵێن سەخیفترین ڕوکەشترین کەسێکن و (نیچە) ناتوانێت زیاتر لە (٥) دەقیقە لە گەڵیاندا دابنیشێت (ئەمە ئەگەر دابنیشێت)!

نەخێر نیچە کەسێکی دەوێت کەژیان کوشتبێتی و پارچە پارچەی کردبێت توڕی هەڵدابێتە دەرەوە، دوای ئەوە وەك ئاڵتونێکی پاك هاتبێتە دەرەوە ٠

بەڵام ئەوکەسانە کێن کە (نیچە) پێیان سەرسامە ؟

ئەوکەسانەن کە لەشێوەی فەیلەسوفی فەرەنسی (مونتینی ) و ڕۆماننوسی فەرەسی (ستندال) ونوسەری ئەڵمانی (گۆتە) دان٠٠٠٠ئەوانە کەسانێکن

کەلەسەردەمێکی کۆنی پێش سەردەمی (نیچە) دا مردوون ، (نیچە )بەیەك ووشە دەڵێت (لە ڕاستیدا کەسێك نییە کەزیندووبێت وئەو بتوانێت ڕێزی بگرێت، هەموو ئەوانەی کە ڕێزیان دەگرم و قەدریان لام هەیە زەمەنێکی درێژە مردون)٠

دواتر دەڵێت ( لەوانەیە من دواین کەسێك بم کە ڕێزی خۆم دەگرم ) بەڵام نیچە تا دواین ساتی ژیانی ئەوها نەبو ، لەسەرەتای ژیانیدا یەکێك بوو لەلایەنگرەکانی (شۆپنهاوەر) ، سوێندی بەناوی ئەوەوە دەخواردو بەشمشێری ئەو شمشێری دەوەشاند ،وەك ئاشکرایە (شۆپنهاوەر ) بە سەرۆکی گەورەی ڕەشبینی دادەنرێت لە مێژووی فیکرو فەلسەفەدا ،ئەو پێمان دەڵێت خۆشبەختی لەسەر زەویدا ئەستەمە ، هەربۆیە بێهودەیە ڕاکردن بەدوایدا، ژیان وەك مارێکی ڕاستی یان کچێکی زۆر جوان وەهایە، هەرکاتێك ساتێك خۆشبەختی بدات پێمان لە بەرامبەردا چەند ساڵێك ئێش و ئازارمان دەداتێ ،جابۆیە دکتۆر (شۆپنهاوەر) ئامۆژگاریمان دەکات کە دەست هەڵبگرین لەژیانو تادەتوانین خۆمانی



لێبپارێزین ، مرۆڤی عاقڵ ئەوکەسەیە کە بەدوای خۆشیدا ناگەڕێتو لە ژیاندا ڕۆناچێت ، بەڵکو هەوڵی ئەوەدەدات بەکورتیەکەی لە ژیان بکشێتەوە، ژیان گاڵتەپێکەر یان مەهزەلەیە ،یان تەنانەت موئامەرەیەکی گەورەیە کە ئافرەت و خۆشەویستی و ژن هێنان لە نمونەکانێتی ٠ئەم هەڵوێستە شایانی لێبوردنەوەیە ، تەنانەت ترسنۆکانەیشە ،ئەم هەڵوێستە بەدرێژایی ساڵان هەڵوێستی (نیچە ) بووە تائەو کاتەی بە دیداری ژنێکی ئەرستۆکراتی بەنێوی (مالفیدا فون هیز بنبوغ) دەگات ،ئەم ژنە ئەدەب و هونەری خۆشدەیست و دەرگای هۆڵەکانی بۆ گەورە نوسەران ئاوەڵا دەکرد،هەربۆیە (نیچە)و چەند کەسێکی تری بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی چەند کاتێکی خۆش لە کۆشکە نایابەکانی ببنەسەر کە دەیڕوانییە سەر کەنداوی شاری (ناپۆلی ) لە ئیتالیا ٠

دیمەنێکی سیحراوی و دڵڕفێن بوو ، ئالەو کاتەدا ( نیچە) بۆ یەکەمجار تامی ژیانی کردو جوانترین ساتەکانی ژیانی بەسەربرد، لەناکاو ئەوەی بۆ دەرکەوت شتێك هەیە بەنێوی ژیان و خۆشەویستیو جوانییەوە

،تەنانەت خواردنە خۆشەکانی چێشتخانە ئیتالییەکەو خۆرە سیحراوییەکەی باشورەوە٠ دواتر دەستی کرد بەبیرکردنەوە لە (شۆپنهاوەر)و گشت فەلسەفەکەی و لەنامەیەکدا بۆ (کوزیما فاغنر) ی ژنی مۆسیقاری بەناوبانگ دەنوسێت (بێگومان سەرت سوڕدەمێنێ و ئەگەر نهێنیەکم لا درکاندیت کە تا ئێستا بە کەسم نەوتووە ،ئێستا دژی (شۆپنهاوەر )م بەشێوەیەکی گشتی لەزۆربەی مەسەلەگشتیەکاندا.

لەم لایەنەوە کوتادەیەکی گەورە لە ڕۆحی (نیچە) دا دروست دەبێت دژبە (شۆپنهاوەر)،ئەمەش بە شێوەیەکی ئاسایی‌و یەك لەدوای یەك و تاڕادەیەکیش ( لاشعور) ی ڕویدا ، ئەوکاتیش نیچە ئەم ڕاستییەی دۆزییەوە دەکرێت مرۆڤ لە ژیاندا ڕۆبچێت تا ئەو شوێنەی کە دەتوانێ، تەنانەت ئەگەر پەنجەکانیشێ بسوتێ و تامی نەهامەتیش بکات ، چونکە پێگەیشتن و کامڵ بوون لەدنیایەك دا نابێت تائەوکاتەی باجەکەی نەدەیت ،دەسا بۆیە بەخێربێیت ئەی نەهامەتی و نەگبەتی !!هەموو ئەمانە وا لەنیچە دەکات کە زاراوەی (سوپەرمان ) بخاتە



ڕوو ، واتە مرۆڤی باڵا ، ئەو مرۆڤەی کەبەسەر هەموو گرێ کوێرەیەك‌و خاڵە لاوازەکانی مرۆڤی ئاسای و هیچ دا زاڵ دەبێت ، واتە مرۆڤی لەجۆری من و تۆ و هەموو ئەوانی دی٠٠٠٠(نیچە) لەم جۆرە ناوازەی مرۆڤ لەکەسایەتی (گۆتە) دا دەبینێتەوە کە دەربارەی دەڵێت (ئەو زۆرجوانە دواین ئەڵمانیشە کەڕێزی دەگرم) ٠ ئەوەش ئاشکرایە کە (گۆتە ) دەرون و شێوەیەکی جوانی هەبوە ، خاوەنی کەسایەتییەکی بەهەیبەت و بەرزبووە بەجۆرێك کە ناپلیۆن بۆ یەکەمجار دەیبینێت دەڵێت (ئەم پیاوە !ئەمە کەسایەتی ڕاستەقینەیە .)

ئەگەر ناپلیۆن کە پیاوە مەزنەکان لێی دەترسان ئاوابڵێت ئێمە چی‌بڵێین .

ئەوکات گۆتە لە شەست ساڵی ی تێپەڕیبوو ، لەڕومەتیدا ئیمارەتی پێگەیشتن‌و توانەوە ماناو تەجروەکانی ژیان بەدەردەکەوت، لەمەوە دەردەکەوێت کەکەساتیەتیە گەورەکان گەورەیی بە خۆیانەوە نابینن تاوەکو شارەزاتر نەبن لەسەر نەهامەتی و ئەزمون و سوتان دا٠دەتوانرێت هەمان شت دەربارەی ئەو پرۆژە فیکری و سیاسیە

**گەورانەش بڵێین کە توانیان مرۆڤایەتی بە چەند هەنگاوێك بەرەو پێشەوە ببەن، ئەمەش بێگومان لەگەڵ خۆیدا ئازارو نەهامەتی و شکستی گەورەی لە گەڵدا بووە ، بەڵگەش بۆ ئەمە شۆڕشی فەرەنسایە ،گەلی فەرەنسا باجی ئەم شۆڕشەیان بە دەریایەك لە فرمێسك و خوێن دا ،کەدواتر دواڕۆژێکی بەختەوەری لێبەدیهات.**

www.aawsat.com/view/books

**سەرچاوە/سایتی**

**لە ڕۆژنامەی( جەماوەر ) ی ژمارە/٢٥/دا بڵاوبوەتەوە**



# هیگڵ و ڕۆشنگەری

**(هیگل) یش وەك زۆربەی فەیلەسوفانی سەردەمی خۆی بە قۆناغی ڕۆشنگەریدا تێپەڕیوە،**

**لەوکاتەدا هیچ بیرمەندێك نەیدەتوانی لەساتێك لەساتەکانی ژیانیدا ڕوبەڕوی مەسەلە دینییەکان نەبێتەوە، تەنانەت مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ مەسیحیەتدا یان ڕونتر لەگەڵ ئەو**

**بۆچونە تەقلیدییەدا بۆی کە مەسەلەی گەورەی فەلسەفەو فەیلەسوفان بوو٠**

**هەموو ئەوانەی کەڕۆچون بە ناو قوڵاییەکانی فیکری ئەورپی و ئاگاداری پێگەیشتنە مێژوییەکەین ئەوە دەزانن٠**

**بەڵام ئێستا لە ئەوروپا بارودۆخ گۆڕاوە بەشێوەیەك کە فەیلەسوفەکانی هەموو ژیانیان لەلێکۆڵینەوەو بیرکردنەوەدا بەسەردەبەن بێئەوەی ووشەیەك چیە دەربارەی کێشەی دینی بیلێن ٠**

ئەوان وەك پێشینانی خۆیان بەر لەسەدەیەك یان دووسەدە خۆیان بەم مەسەلەیەوە خەریك ناكەن ، ئەوەشتێكی شایانی قسە لەسەر نەكردنە، ئەمە هەمو مەسەلەكەیە نەزیادەو نەكەمە ٠

لەواقیعدا وك ( هیگل) دەڵێت " فەلسەفە كچی سەردەمەكەی خۆیەتی " هەربۆیە پێویستە ئەو بۆچونە باوەی كە لەهەندێك ناوەندا هەیەو دەڵێت فەیلەسوف قسەیەكی تەجریدی گشتگیر دەكات كە هەموو زەمەنێك تێدەپەڕێنێتو پەیوەندی بەهیچ زەمەنێك یان سەردەمێك یان كۆمەڵگایەكی دیاریكراوەوە نییە لە مێشكماندا دەربكەین ٠

ئەم جۆرە لە فەلسەفەكردن ئەگەر تاوەكو ئێستاش مابێت ئەوا كەس قایل ناكات، فەیلەسوف ئەگەر چارەسەری كێشە سەرەكییەكانی سەردەمەكەی خۆی نەكات كە كۆمەڵگای توشی دڵەڕاوكێ كردوە ئەوا فەیلەسوف نییەو شایانی ئەو ناوەش نییە ٠

هەرچی چۆنێك بێت ئەوا ( هیگڵ ) ڕووبەڕوی مەسەلە دینییەكان بویەوە و تەمەنی هێشتا ( ٢٥ )



ساڵان بوو كاتێك كتێبی (حیاه یسوع) ی نوسی لەساڵی ١٧٩٥دا ٠

لم كتێبەدا (كەیەكسەر زاتی نەكرد بڵاوی بكاتەوە) تێبینی ئەوەدەكەین كەوێنەیەكی مێژوی یان _عەقڵانی _ دەربارەی دامودەزگاكانی مەسیحیەتمان پێشكەش دەكات ٠

مەسیح وەك ئەوەی كە هیگڵ لێی تێدەگات مامۆستایەكی ئەخلاقیە لەسەر بۆچونی كانت ، تاوەكو كەسایەتییەكی سەروو سروشتی یان سەروو مێژوییەوە ٠

( یەسوع ) چیدی وەك ئەوەی كتێبە تەقلیدیەكان ئاماژەی پێدەكەن لێرەو لەوێ موعجیزە نانوێنێت و هیچ نهێنیەكیش نەماوە تاوەكو پێوەی پەیوەست بێت ، بەڵكو ئەو خەریكە فێری ئازادی ناوخۆیی و كەرامەتی ئینسان دەبێت ، وەك چۆن هەر فەیلەسوفێك لەفەیلەسوفەكانی سەردەمی ڕۆشنگەری ئەو كارە دەكەن ، ئەگەر بەشێوەیەكی تەواوەتیش بێت ٠

دواتر پاش ساڵێك ( هیگڵ ) دوەمین كتێبی گرنگی خۆی دەربارەی دین دەنوسێت بەنێوی ( دوغمائیە الدین

المسيحى ) ئەم كتێبەش لەژيانى خۆيدا بڵاونەكرايەوە ، هيگڵ لێكۆڵينەوە لەسەر ئەوبڕوايانە دەكات كەپێشتر (ڤۆلتێر) ڕەخنەى كردبوون ، بەڵام بەمەنهەجيەتێكى جياوازتر لە ( ڤۆلتێر)، كەئەويش مەنهەجيەتێكى ناوخۆييە تاوەكو مەنهەجيەتيەكى دەرەكى ٠

( ڤۆلتێر) ئەرسۆزۆكسيەتى مەسيحى (واتە ئوسولێەت)ى لەپێگەيەكى دەرەكى دژەوە ڕەخنەدەكرد ، هيگليش هەندێك جار ئەم مەنهەجيەتەى پەيڕەو دەكرد ، بەڵام لەزۆربەى كاتەكاندا زياتر لەگەڵ ئەوبڕوا ناوخۆيەدا هەنگاوى دەنا كەشێوەيەكى ديالكتيكى هەبوو بۆ ئەوەى پێويستيە مێژووييەكان يان فەرمانەكانى كەلەساتێك لەساتەكاندا ئەنجامى دابوو بخاتە ڕوو٠

دواتر ئەوە ڕون دەكاتەوە كەچۆن ئاراستەى پێچەوانەى وەرگرتووە، بەشێوەيەكى وا ئەوەى كەعەقڵانيەت بووە لە دينى مەسيحيەتدا بەتێپەڕبوونى زەمەنەكان دەبێتە دۆگمابون ٠

دەبێتە كۆمەڵێك تقوس و شەعائير و دام ودەزگا كە لە هەموو مانايەكى ئەسڵى خۆيان خاڵىبونەتەوە ،



بەمانايەكى تر گۆڕاوە بۆ لاشەيەكى ساردوسڕ كەتەنها توێژاڵەكەى ماوە، پێويستە لەسەر دينى ڕاستيش كە خۆى ڕزگاركات لەم توێژاڵانە بۆ ئەوەى بگەڕێتەوە بۆماناى ڕاستى خۆى ، بۆ كانگاى يەكەمينى خۆى ، چونكە دينى مەسيحيەت بە تێپەڕبونى ڕۆژگارەكان و بەهۆى ململانێى نێوان مرۆڤەكانو ئارەووەكانيانەوە گۆڕاوە بۆ ئايدۆلۆجيايەكى دەسەڵات خواز ، سەركوتكەر لە قۆناغێك لە قۆناغەكانى مێژووودا ، هەر ئەمەشە ناودەنێت دۆگمابوون٠

بەڵام دواتر (هيگڵ) ئەوە تێدەگات ئەگەر دين خاڵى بكرێتەوە لە دۆگمابوون و تقوسەكان و شەعائيرەكان ئەوا هەرگيز دين نييە ، ئەوكاتيش هيگڵ لە بەردەم دووڕێگادا وەستا:

يان ئەوەتا بە يەكجارى واز لەو دينە دۆگماييە بهێنێت بۆ بەرژەوەندى عەقڵانيەتيەكى فەلسەفى ڕاديكاڵى ، يان وابكات كە فەلسەفە لەگەڵ ديندا بژى يان ببێت بە دراوسێى ، بەڵام ئەم پێكەوەژيانە واپێدەچێت كە دوست كراوبێت يان ڕوننەبێت دواى ئەوەى كە هيگڵ ڕەخنەى

له عەقائیدەکان و نهێنیەکان و موعجیزەکانی مەسیحیەت گرت ٠

هەر لەبەر ئەمەشە کە هەندێك تاوانباری دەکەن بەوەی کەزمانێکی دوسەرەی بەکارهێناوە :

زمانی فیلەسوفەکان و زمانی لاهوتیەکان ٠

ئایا هیچ حەقیقەتێکی عەقلانی بەتەنها هەیە بۆ هەموان.

یان دووڕاستی بوونی هەیە :

یەکەمیان بۆ فەیلەسوف و چینی ڕۆشنبیران ، دووهەمیشیان بۆ هەموگەل.

لەم گۆشەنیگایەوە دینی مەسیحی بەهۆی هەندێ پێویستی مێژووی دلڕەقەوە گۆڕاوە بۆ پێچەوانەکەی ٠ دەبێتە تاڵانچیەك کە دژ بەسەرەتاکان و ناوەڕۆکەکەی خۆیەتی ،

هەربۆیەشە لێرەوە لە هۆکاری ئەو هاوپەیمانێتیەیکەنیسەی مەسیحیەت لەگەڵ ڕژێمە دەرەبەگایەتیو ئیستیبدادە سیاسیەکاندا کە بەدرێژای زەمەنەکان هەیبوە تێدەگەین٠



لەئینجیلدا نەهاتووە کە هیچ هاوپەیمانێتیەك ببەستڕێت لەگەڵ دەوڵەمەندەکاندا دژی هەژاران ،یان لەگەڵ بەهێزاندا دژی بێهێزەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کەنیسە ڕازیبونی خۆی پیشان داوەو شەرعیەتیشی پێداوە ٠

تەنانەت هەوڵی ئەوەشی داوە کەکەسە سادەکان قبوڵی بکەن ٠

لێرەوەیە وەزیفەی تاڵانچیەتی دین دەست پێدەکات ٠

بە دڵنیاییەوە دەربڕینی ئەم جۆرە بۆچونانە لەو کاتەدا شایانی مەترسی بوە و لەلایەن کۆمەڵگاشەوە ڕەت کراوەتەوە ، هەر لەبەر ئەم هۆیانەشە کە هیگڵ وەك دەستنووسێك لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکەی خۆیدا دەیپارێزێت و بڵاوی ناکاتەوە ، ئەو دەیزانی کە ئەو بۆچونانە جارێك کاتی نەهاتووە ، هەروەها گەلی ئەڵمانیش بۆ ئەوە ئامادە نین یان زۆر بە ئاسانی توانایان نییە٠

ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کەوا گۆڕینی عەقڵەکان پرۆسەیەکی ترسناکە و لە شەو و ڕۆژێکدا ڕونادات ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە بێزارم دەکات

پەلەکردنی هەندێك ڕۆشنبیری عەرەبە بۆ گۆڕان و سوتاندنی قۆناغەکان ، من دەڵێم گۆڕان پێویستە قۆناغ بە قۆناغ هەرس بکرێت، ناتوانین کە قۆناغێك تێپەڕێنین و بڕۆینە قۆناغێکی ترەوە بی ٚئەوەی بەتەواوەتی هەرسمان کردبێت ٠

هەربۆ زانیاریش پێویستە ئەوە بزانیین کە ( فیختە)ی مامۆستای هیگڵ بەشێوەیەك لە شێوەکان بەلایەنی کەمەوە لە سەرەتادا ، باجێکی قورسی دا بە هۆی بەریەککەوتنیەوە لەگەڵ پیاوە دینییەکاندا ٠ئەو لەساڵی ١٧٩٩ دا لە زانکۆی (یینا) دەردەکرێت کەیەکێك بوە لە زانکۆ ئەڵمانیە کراوەو لیبراڵیەکانی ئەو سەردەمە ٠

تاوانباردەکرێت بە ئیلحاد و لەلای دەزگا باڵاکانەوە هەواڵی لێدەدرێت ، هەموو ئەمانەش بۆچی ؟ چونکە ئەو لێدوانێکی عەقلانی دەربارەی دینی مەسیحیداوە ئەوەجێگای شك نیە کە ئەم لێدوانە بەبەراورد بە بۆچونی زۆرینەی خەڵك پێشکەوتوبووە ، بەڵام بەبەراورد بەوەی کە هیگڵ لە هەمانکاتداو بەنهێنی لە سویسرا نوسیویەتی شەرمنانە بووە ٠



با گوێ بگرین و بزانین فیختە چی دەڵێت " یاسای ئەخلاقی زیندوو چالاك خودی خودا خۆیەتی ئێمەش پێویستمان بە عەقیدەیەکی جیاوازترلەوە هەیە، لە عەقڵ دا هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی هانمان بدات لەم یاسا ئەخلاقییە دەربچین کە هەموو کەونی بەدەستەوەیە ،ئێمە پێویستمان بە بڕواهێنان نیە بە بونی کائینێکی تایبەتی کە لەجێگای هۆکار بێت تاوەکو ئەنجام ، بەم شێوەیە تێگەیشتنێکی تەندروست بەم ئەنجامە ناگات بەتەنها فەلسەفەی هەڵە ئەوەدەکات. ئەم وتەیە بە(بیدعە) (هرقگە) حسێب دەکرێت : واتە دەرچون لە تێگەیشتنی باوی مەسیحیەت لەو زەمانەدا ٠

هەربۆیە ئیدانە دەکرێت و لەزانکۆ دەریدەکەن ، بۆچونی فیختە دەربارەی خودا جیاوازە لەو بۆچونە مەسیحیە تەقلیدیە چەسپاوەی کەبەدرێژای سەدان ساڵە هەیە و خۆی لە (التپلیپ ) نەصرانیەت دا دەبیینێتەوە و زیاد لەپێویست قەناعەت پێکەرە٠بەدڵنیاییەوە هیگڵ زۆر زیاتر ڕووەو بیدعە هەنگاو دەنێت ، لەواقعیشدا نوسینەکانی سەردمی گەنجێتی خۆیکە دواتر پاش

مردنی دنیا دەبینن زۆر زیاتر ڕادیکاڵانە ترە لە ڕەخنە کردنی عەقیدە دینی و سیاسیەکاندا بەتایبەتی لە نوسراوەکانی ( الکهولە و ( النچچ)٠ دواتر بە ووریاییەك و تەجروبەیەکی زۆرترەوە مامەڵە دەکات ، ئەگەر نەڵێین بەهۆی ترسیەوە لە سزادان ٠لەسەرەتای لاوێتیدا (هیگڵ) نامە ئاگراوییەکانی بۆ هەردوو هاوڕێی ( شیلینغ) و ( هۆلدربن دەنوسێت و ئیعلانی ڕقیخۆی دەکات بەرامبەرکۆلیژی لاهوتی پرۆتسانتی و ئەو ڕێگای دین فێرکردنە تیایدا ، هەروەها تەعبیریش لە هیواکانی خۆی دکات بۆ سەرکەوتنی فەلسەفەی تازە لەئەڵمانیادا :واتە فەلسەفەی کانت و فیختە ، فەلسەفەی عەقڵ و ڕەخنە و ئازادی ٠بەڵام لاهوتی و کاهینەکان دەبونە هۆی تورەبونی ، لەهەمو ژیانیشیدا بەوسیفەتەی کە دەستەیەکن یان دام و دەسگایەکی کەنیسەین هەرگیز خۆشی نەویستون ٠ئەو لێیان ترساوەو لەوەڵامدانەوەکانیشیان ترساوە و بە ترسناکی زانیون بۆ سەر ئازادی فیکر ٠لەهەمو ئەوانەش زیاتر کەوای لێکردووە تورەبێت هەوڵدانەکانی ئەوان بووە بۆ دەست



گرتن بەسەر فەلسەفەی کانت و بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندی و عەقائیدەکانی خۆیان کەزەمەنێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیبو ٠هەرکە فەلسەفەی ( کانت ) سەردەکەوێت و ئەستێرەی لە هەموو ئەڵمانیادا دەدرەوشێتەوە ئەوا هەموان هەوڵی نزیك بونەوە وخۆهەڵواسینی بۆ دەدەن ٠نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو هەوڵی دەست بەسەراگرتنیشی دەدەن بۆ ئەوەی لەگەڵ بۆچونە تایبەتیەکانی خۆیاندا یەك بگرێتەوە ٠
هەرشتێکیش لە مێژوودا سەربکەوێت وەهای لێدێت ٠

سەرچاوە سایتی rezga.com
لە ڕۆژنامەی ( کوردستانی نوی ) ی ڕۆژی ٢٠٠٤/٧/١٢دا بلاوبوەتەوە

# چاپكراوەكانی سەنتەری نما

١-راپسكانێ لە دنیای سیاسەتو

گەڕانەوەیەك بۆ دنیای شیعر

لێكۆڵینەوەی ئەدەبی.. ماجید نووری

٢-جەژنی مەرگ، شیعر، كەژاڵ ئیبراهیم خدر

٣-گلگامێش: و: ئیدریس شێخ شەرەفی

٤-شوێنكاتی یەكەم، لەدووەمو ئێستای سەگوەڕ،

لێكۆڵینەوەی ئەدەبی، عەبدولوتەڵیب عەبدوڵلا.

٥-دەرونزانی،وتار لێكۆڵینەوە شیكردنەوە

یوسف عوسمان حەمەد

٦-عەلمانییەتی ئەوانو نیگەرانی ئێمە

ئیسماعیل كوردە

٧-بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن

رێبین رەسوڵ ئیسماعیل

٨-عەلمانیەتو كاریگەرییەكانی

جەمال پیرە